# ڕەخنە..

# ڕووبەرێک بۆ ئازادی

## تێڕوانینێکی ڕەخنەیی بۆ ڕەخنەو بەرهەڵستکاری لە کوردستاندا

ئازا حەسیب قەرەداخی

هەولێر– 2009

# ڕەخنە.. ڕووبەرێك بۆ ئازادی

## تێڕوانینێکی ڕەخنەیی بۆ ڕەخنە و بەرهەڵستکاریی لە هەرێمی کوردستاندا

ئازا حەسیب قەرەداخی

كوردستان– هەولێر 2009

ناوی کتێب: رەخنە .. رووبەرێك بۆ ئازادی

نووسەر: ئازا حسیب قەرەداخی

دیزاینی بەرگ: ئەژی ئازا قەرەداخی

چاپی یەکەم: 2009

تیراژ: 1000

ژمارەی سپاردن:

چاپخانەی رۆژهەڵات

پێشکەشە بە :

-هەموو ئەوانەی رەخنە دەکەنە ناونیشانی ئازادییان.

-هەموو ئەوانەی وەکوو کردارێکی عەقڵانیی، رەخنە پەیڕەو دەکەن.

-هەموو ئەوانەی خۆیان رادەستی حەقیقەتێکی درۆینە ناکەن و بەرامبەر فشاری چەواشەکاریی و هوشیاریی ساختە بەرهەڵستیی دەکەن.

# ناوەڕۆک

## بەشی یەکەم: ڕەخنە.. ڕووبەرێک بۆ ئازادی

پێشەکی ........................................ 7

ڕخنە وەك ئەوەی ناسیومانە ..............................12

دیدێکی جیاواز بۆ ڕخنە ..............................15

ڕخنە وەك پەیوەندییەکی بونیاتنەر ............................ 25

ڕخنەلەخۆگرتن ......................................29

هەڵە میتۆدییەکان لە پرۆسەی ڕخنەگرتندا .................. 34

– خود خەتاباریی ........................................34

– کەساندن ............................................36

– خۆجوانکردن بە ناشیرینکردنی ئەو ........................41

## بەشی دووەم: بەرهەڵستکاریی ڕووبەرێک بۆ عەقڵانییەت

پێشەکییەك بۆ ناساندنی بەرهەڵستکار ........................ 47

بەرهەڵستكاریی لە هەرێمی كوردستاندا ...................... 55
مەرجەكانی هەبوونی بەرهەڵستكار ............................62
لۆژیكی بابەتییانەی دروستبوونی ململانێ ......................67
پۆلبەندیی سیاسی و دروستبوونی بەرهەڵستكاریی سیاسی ....... 72
ئیشكالییەتی بەرهەڵستكاریی و خەسڵەتە سەرەكییەكانی ....... 79
1 –ئیرادەیی ............................................ 83
2 –وەرزێتی ........................................... 86
3 –ڕووداوێتیی ....................................... 86
4 –هەستبزوێنیی ...................................... 86
5 –هەراوزەنایی ....................................... 88
6 –رابردووژێنەرەوە .................................. 89
7 –قەیرانخولقێنەر .................................. 90
8 –پۆپۆلیزمیی ......................................... 97

بەشی یەکەم:

# رەخنه.. رووبەرێك بۆ ئازادی

## پێشەکی

ناکرێ بەبێ گەڕانەوە بۆ بیروڕای فەیلەسوفان و بیرمەندانی کۆمەڵناسیی کە پێشەڕەوانی داڕشتنی بنەما و کۆڵەگەکانی رەخنەن، لە بنچینە کۆمەڵایەتی و کولتووریی و فەلسەفییەکانی چەمکی رەخنە تێبگەین. وەکوو ئیبراهیم حەیدەری دەڵێ، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ **ئەمانوئێل کانت** و رەخنەگرتنی لە عەقڵی پاقژ.. بۆ **هیگڵ** لە دیالەکتیکەکەیدا.. بۆ **کارل مارکس** و رەخنەگرتنی لە ئابووری سیاسی .. بۆ پێشڕەوانی **قوتابخانەی فرانکفۆرت** و دامەزراندنی کۆمەڵناسیی رەخنەیی. ئەم رەوتە فیکرییانە سەرچاوە سەرەکییەکان و چوارچێوەی گشتییان بۆ هەموو تەوژمە رەخنەییە هاوچەرخەکان داناوە و هەریەکەشیان دەروازەیەکیان بۆ پێناسەکردنی رەخنە کردۆتەوە کە دیاردەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییە.

لـە فەلسـەفەدا رەخنە لـە بابەتەوە دەستی پێکرد پاشان بەپێی وشە. سەرەتا لـە زمانی ئیغریقەکاندا، **رەخنە ( Critic)** بەمانای (تاقیکردنەوە) یان (بڕیارلـەسەردان) هاتووە و لـەو سەردەمەدا بڕیار گرنگترین توانای مرۆڤ بووە کە لـە هەڵەو هەڵخەڵەتاندن دەیپاراست. هاوکات رەخنە جۆرێك لـە گفتوگۆی عەقڵیی یان چالاکییەکی تایبەتی عەقڵ بووە بۆ گەیشتن بە زانینی زیاتر.

چەمکی رەخنە لای **(ئەفلاتون)** دابڕانی نێوان روح و جەستەیە، ئەو رۆژەی روح جەستە جێ دەهێڵێ، پاداشتی جەستە دەداتەوە بەوەی هەڵدەکشێ بۆ جیهانی ئاسمان، یان پاداشتی بەوە دەداتەوە کە رۆدەچێ بۆ جیهانی دۆزەخ و ئازار. واتە رەخنە ئەم " **بڕیاردان**"ەی رووحە بۆ پاداشتدانەوەی جەستە بەرامبەر بەو کارانەی کردوونی.

**(ئەرەستۆ)** رەخنەی بەو مانایە بەکارهێناوە کە (جیاکردنەوەی ئەوانەیە کە راستین لـەوانەی کە راستیی نین)، ئەم جیاکردنەوەیەش لای ئەرەستۆ (تەکنیك یان هونەری ئەخلاقە). بەمجۆرە رەخنە چووە ناو فەلسـەفەی ئەخلاقەوە و دواتر **(بلـوتارخ)** لـە تیۆرییەکەی خۆیدا فەلسـەفەی وەك کارێکی رەخنەیی بەکارهێنا بۆ جیاکردنەوە لـەنێوانی (ئەوەی جوانە و ئەوەی ناشرینە، ئەوەی دادپەروەرە و ئەوەی دادپەروەر نییە).

لەسەردەمی دەسەلاَترۆیی کەنیسەدا، عەقڵ کەوتە پاشی بڕوا و ئیمانەوە و رەخنەش بووە کرداری دەرکردنی بڕیاری راست و دروست و پشتئەستوور بە زانیاری راستەقینە کە لە ئەنجامی توێژینەوەی دەقە کۆنەکان، کلاسیك بن یان پیرۆز دەستدەکەون. لەمبارەیەوە **"قدیس ئۆگستین"** (**ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دەسەلاَتی کتێبی پیرۆز لە هەموو هێزەکانی عەقڵی مرۆڤ گەورەترە**) . بەرامبەر ئەمیش وەکوو سەرەتاکانی بزاڤی رێنیسانس (**قدیس ئێریجین**) پەیوەندی لەنێوانی دەسەلاَتی عەقڵ و بابەتی ئاییندا دروست کرد و جەختی لەوە کردەوە کە (**هەر دەسەلاَتێك لەسەر بنەمای عەقڵ دروست نەبووبێ، دەسەلاَتێکی پەککەوتەیە**) . بەهۆی بیروڕا فەلسەفییەکانییەوە و لەبەرئەوەی یەکەم کەس بوو کە تەفسیری عەقلاَنی بۆ دەقە پیرۆزەکان کرد، کەنیسە هەموو کتێب و نووسراوەکانی سوتاند و خۆشیان دەرکرد.

لەدوای رێنیسانس و هەڵکردنی بای گۆڕانکاری و لەرزینی بونیادە کۆمەلاَیەتی و فیکرییە نەرێتییەکان، پەرەسەندنی پڕ بایەخ روویاندا کە کاریگەریی قوڵیان لەسەر سستمە کۆمەلاَیەتی و ئابووری و سیاسییەکان هەبوو، ئەوەش لای خۆیەوە رۆڵی لە پەرەسەندنی بیروڕا زانستی و فەلسەفییەکاندا هەبووە و چەمکی رەخنەش بووە

(**دیالیکتیکی عەقڵ**) و دواتر پەرەی سەند بۆئەوەی ببێتە کارێك لە کارەکانی فیکر لە چوارچێوەی مەرجگەلی مەعریفیی توانراودا، واتە ئەو توانایانەی مرۆڤ هەیەتی و وای لێدەکەن بزانێ و جدییانە بڕوانێتە مەسەلەگەلی دەروبەری.

لەسەر دەستی **دیکارت** یەکەمین شۆڕش لە فەلسەفەی هاوچەرخ و نوێدا دروست بوو، رایگەیاند گەردوون ئامرازێکی هەڵسوڕاوە بەپێی چەندین یاسای سرووشتیی میکانیکانە. بەم راگەیاندنەی گەردوونی بەتەواوەتی لە ئەفسانە و رەمزییەت دوورخستەوە و جیهانی فیزیایی بۆ ئەو هۆکارانە گەڕاندەوە کە لە پشت رووداوە فیزیکییەکانەوە هەن و سروشتیش سستمێکی هەماهەنگە لە ژمارەیەك یاسا و مرۆڤ دەتوانێ زاڵ بێت بەسەریدا.

لەسەر دەستی (**کارل مارکس**)یش ئەرکی فەلسەفە تەنیا لێکدانەوە نەما، بەڵکو بوو بەلێکدانەوە و گۆڕینی جیهان. لەسەر ئەم بنەمایەش هەموو کایە مەعریفییەکان و چەمکە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکان، رەخنەش کە یەکێکە لەوان ئەم ئەرکەی کەوتە ئەستۆ.

لەوە بەدواوە لەوانەیە گرنگترین پەرەسەندن لەم بوارەدا ئەوەیان بێ کە لەسەر دەستی قوتابخانەی فرانکفۆرت کراوە. لای پێشڕەوانی ئەم قوتابخانەیە رەخنە گرنگترین و مەترسیدارترین کەرەستەی مەعریفییە و

فەلسەفەش بەهۆی رەخنەوە، رەخنە لە بیروڕاکان دەگرێ و لەوەش زیاتر لە واقعی کۆمەڵایەتیدا پراکتیزەی دەکات. بەواتایەکی دیکە بەلای قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە فەلسەفە ئامرازێکی مەعریفیی رەخنەییە و ئامانجەکەی رزگارکردنی مرۆڤ و دەرهێنانییەتی لەناو کەندەلانی نەزانی و خورافە و قەدەری کوێرانە و ناساندنی خۆی بە خۆی و رەخنەگرتن لێی لەپێناوی وروژاندن و راپەڕاندنی هوشیاریی مرۆیی لە مرۆڤدا.

قوتابخانەی فرانکفۆرت رەخنەی لە رەخنەگرتن لە کۆمەڵگا و دامەزراوەکانییەوە گواستەوە بۆ رەخنەگرتن لە فیکر و میکانیزمەکان تا تیۆرییەکی رەخنەیی بۆ کۆمەڵگا دابڕێژێ کە بیرکردنەوە و کارکردن لە پەیوەندییەکی دیالیکتیکیدا پێکەوە ببەستێتەوە.

ئەمە تەنیا رووبەرێك بوو تێیدا گەشتێکی خێرامان بەناو مێژووی پەرەسەندنی چەمکی رەخنەدا کرد. هاوکات ئاماژەیەکی کورتیش بوو بۆ گرنگترین تیۆری و رێبازە فەلسەفییە رەخنەییەکان و ئەو قوتابخانانەی سەرمەشقییان لە ناساندنی رەخنەدا هەبووە.

لە دوو توێی بابەتەکەی خۆمدا ئەم تیۆری و رێبازانە دەقاو دەق نابینینەوە، بەڵکو کاریگەرییەکانیان لەسەر تێڕوانینم دەردەکەونەوە کە

من چۆن لە رەخنە تێگەییوم. بەتایبەتیش فۆکسم لەسەر رەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کردووە، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر تایبەت ویستوومە ئەو پەیوەندییە هەناوییە دەستنیشان بکەم کە لەنێوانی رەخنە وەکوو کردار و چالاکییەکی عەقلانی لەگەڵ ئازادیدا هەیەتی.

ویستوومە لەوە تێپەڕێم کە رەخنە کرداری مەعریفییە بۆ جیاکردنەوەی دوالیزمەکانی جوان و ناشرین، چاك و خراپ، خێر و شەڕ...هتد بۆ ئەوەی بگەمە ئەوەی کە رەخنە (دیالیکتیك و جەدەلی عەقڵە). بەواتایەکی دیکە کرداری عەقڵە و چالاکییەکی عاقڵانەیە، عەقڵیش لێرەدا ئامرازی بڕیاردانی عەقڵانییە. بەم پێناسەیە رەخنە دەبێتە ئەو ئامرازە عەقڵانییەی هوشیاری مرۆڤ بێدار دەکاتەوە و هاوکاری دەکات بۆئەوەی لە واقعێکی ساختەدا ون نەبێت، یان رادەستی حەقیقەتێکی درۆینە نەبێت و وا بزانێ کە حەقیقەتێکی رەها و تاهەتاییە.

## رەخنە وەك ئەوەی ناسیومانە

لەوانەیە باشترین دەستپێك بۆ قسەکردن لەبارەی چەمك و پرۆسەی (رەخنە)ەوە، قسەکردن بێ لەبارەی ئەو دیدگا باوەی سەبارەت بە رەخنە و مومارەسەکردنی رەخنەوە لە کولتووری ئێمەدا هەیە.

بەو جۆرەی لـە كۆهوشیاریی ئێمەدا داریێژراوە، رەخنە ئیقاعێكی هەیە هەمیشە هەستەكانی پێناخۆش بوون، نەویستن، رووبەڕووبوونەوە، دوو سەنگەری چاك و خراپ، دەبێ و نابێ، حەڵاڵ و حەرام دەبزوێنێ و دەوروژێنێ. رەخنەگریش كەسێكە (ئەوی دیكە)ی خۆشناوێ، لـەبۆسەدایە بۆی، خاوەنی گوتارێكی بێ روحمانەی هێرشبەرە بۆسەر هەموو ئاكار و رەفتارەكانی ئەوی دی.

رەخنە لـە هۆشی ئێمەدا وا وێنا كراوە كە كەمێك بە نەزاكەتتر و بە ئەخلاقتره لـە دژایەتیكردن و جنێوپێدان. بەواتایەكی دیكە كە دژایەتی و جنێودان بە توێژاڵێكی تەنك لـە نەزاكەت و ئەخلاق سواغ دەدرێ، ناودەنرێ (رەخنە). بەم پێیەش رەخنەگر تەنیا جنێوفرۆشێكە و هیچی دیكە نییە.

كە رەخنە دەكرێتە نەشتەر و فەلـلاقە بۆ جیاكردنەوە و دانان بە چاك و خراپدا، رەخنەگریش دەبێتە جەلـلاد و بەو وێنەیە كە لـە فەنتازیای هەمووماندا بۆ جەلـلاد كێشراوە.

ئەم خەسلـەتە باوە بۆ رەخنە و رەخنەگر، لـەوێوە سەرچاوەی گرتووە كە **ئەوی هەر یەكێكمان هەیەتی تەواو و كاملـە و پڕاوپڕە لـە حەقیقەت**. ئەو كاتە هەموو قسەكردن و رەفتارێك جیا لـەوەی هەمانە،

نەهی لێکراون و تا رادەی نەفیکردنەوە دووچاری رووبەڕووبوونەوە دەبنەوە.

دەمەوێ بلێم ئەوە عەقلییەتی رەهایە لەهەر پێگەیەکی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئایینی و رۆشنبیریدا کە خەسلەت و ناوەڕۆکی (رەخنە) بەو جۆرانە دەشێوێنێ و رەخنەگریش دەکاتە مرۆڤێکی نەویستراو. رەخنە دەخاتە ئەو جیگایەوە کە بۆ بەراوردکردن بێ لەنێوانی دوالیزمەکانی چاك و خراپ، حەلاڵ و حەرامدا. لەو نێوەندەشدا دەبێ ئەرکی رەخنە دەستخۆشانە و بەپیرۆزکردنی چاکەکان و قێزەونکردنی خراپەکان بێ. هەلبەت چاکە و خراپە، حەلاڵ و حەرام دابەشی دوو بەرەی دژ دەکرێن و پەیوەندییەکەی نێوانیشیان پێچەوانە دەبێ، واتە ئەوەی لەمبەر چاکە، لەوبەر خراپە. ئەوەی لەوبەر چاکە و حەلاڵە، لەمبەر خراپ و حەرامە...

لێرەوە شای دوالیزمەکان دەخولقێنرێ کە دوالیزمی ( **دەسەلات و رەخنە)** یە. دەسەلات تەنیا دەولەت یان حکومەت نییە، بەلکو سستماتیکی توانا زالەکانی ناو کۆمەلگایە کە لە هەموو کایەکانی سەرخان و ژێرخاندا مومارەسەی وجودی خۆیان دەکەن. رەخنەش وەکوو چەمکێکی نەویستراو و بێزراو.

رەخنە و دەسەڵات دەبنە دوو توخم تاهەتایە لە پرۆسەیەکی دژ بەیەکدا رووبەڕوودەکرێنەوە و ئیتر رەخنە دەکرێتە کەرەستەیەك لە کەرەستەکانی کودەتا و بارگاوی دەکرێ بە بارگە نەگەتیڤەکان و هەمیشە لە حاڵەتی شۆرتا دەبێ لەگەڵ بارگە پۆزەتیڤەکانی دەسەڵات. هاوکات دەسەڵاتیش بارگاوی دەکرێ بە چەپکێك بارگەی نەگەتیڤ و لەگەڵ بارگە پۆزەتیڤەگانی رەخنەدا شۆرت دەکات. لەنێوانی هەردووکیشیاندا رەخنەگران دەبنە ئەو کەسانەی ئەم بارگە بەیەکتر دژانە لێك دەخشێنن.

## دیدێکی جیاواز بۆ رەخنە

**بیرکردنەوەی رەخنەیی پاسەوانی عەقڵە، ناهێڵێ بیروڕای پیسبووی ناعەقڵانی تێبچێ و بیروڕا عەقڵانییەکان پیس بکات، وەکوو چۆن سێوی گەنیو سێوەکانی دەوروبەی خراپ دەکات**

دیدێك کە لە بناغەوە جیاوازە لەوەی پێشوو بۆ رەخنە، ئەوەیە کە لە میتۆددا جیاوازە و تەماشای رەخنە دەکات بەوپێیەی **(دیالیکتیکی عەقڵە)**. بەواتایەکی دیکە کرداری عەقڵە و چالاکییەکی عاقڵانەیە، عەقڵیش لێرەدا ئامرازی بڕیاردانی عەقڵانییە. بەم پێناسەیە رەخنە دەبێتە ئەو ئامرازە عەقڵانییەی هوشیاری مرۆڤ بێدار دەکاتەوە و هاوکاری دەکات بۆئەوەی لە واقعێکی ساختەدا ون نەبێت، یان

رادەستی حەقیقەتێکی درۆینە نەبێت و وا بزانێ حەقیقەتێکی رەها و تاهەتاییە.

کە رەخنە ئەم ئەرکە عەقڵانییە جێبەجێ دەکات دەبێتە ئامرِازێك لە ئامرِازەکانی **"هونەری برِیاردان"**. واتە توانایەك دەبێت لە توانا عەقڵانییەکانی مرۆڤ بۆ جیاکردنەوەی شتەکان و ئەو راستییانەی لەبارەی شتەکانەوە هەن و دەیانخاتە ژێر پرسیارەوە. بەمەش رەخنە دەبێتە یەکێك لە توانا عەقڵانییەکان بۆ هەڵە نەکردن و سەرلێنەشێوان.

خۆی لەخۆشیدا، رەخنە پەیوەستە بە مەرجی توانا و لێهاتوویی رەخنەگرەوە کە لەلایەکەوە لایەنە بەهێز و بێهێزەکانی بابەتی رەخنەلێگیراو درك بکات، لەلایەکی دیکەشەوە رەخنە نەکاتە ئامرِازێك بۆ هێرش بردنە سەر کەسێك یان تەنانەت ئەو هەستەش ببەخشێ کە هێرشە بۆسەر کەسێك. چونکە هەر مامەڵەیەکی ئەوها تایبەتانە لەگەڵ بابەتی رەخنەلێگیراودا بە برِیاری پێشوەختانە لەقەڵەم دەدرێ کە سۆزێکی هەڵچوو یان حەزێکی نهێنی یان بەرژەوەندییەك لەپشتەوەیەتی.

رەخنە بەشێکە لە مێژووی فیکر و مەعریفە و کولتوور، هەر لەو سیاقە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەشدا پەیدابووە و لەژێر کارتێکەریی

ژینگە کۆمەڵایەتی –کولتوورییەکاندا پەیوەست بووە بە گۆڕانە خۆیی و بابەتییەکانەوە. واتە رەخنە بەشێکە لـە پرۆسەیەکی تەواوکەر لـە پەرەسەندنی تێگەیشتنی مرۆڤ لـە جیهان و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی.

ئەم زیاتر تێگەیشتنە لـەپێناوی زیاتر و باشتر بەشداریکردنە، بەشدارییەکی گۆڕانکارییانە لـە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. بەم مانایە رەخنە دەبێتە یەکێك لـە ئامرازە سەرەکییەکانی بزاوتی کۆمەڵایەتی کە پرۆسەکانی گۆڕان و گۆڕین و پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێنێ.

واتە هۆشیارییەك بە خود و بەوی دیکە بەرهەمدەهێنێ و بۆ گۆڕان دەیبزوێنێ. هوشیارییەکی عەقڵانی کراوە بەسەر مەعریفەی زانستییانە لای رەخنەگر بەرهەمدەهێنێ کە زانراو و نهێنییەکان لـە خودی خۆی و بابەتی رەخنەلێگیراودا ئاشکرا دەکات بۆئەوەی فیکرێکی نوێ، کەسایەتییەکی نوێ دروست بکات.

بەمەشدا دەکرێ بلێم رەخنە کردارێکە ناکۆکی نێوان دوو ناکۆك عەقڵانی دەکات و پەیوەندی نێوانیان دەکاتە پەیوەندییەکی دیموکراتیزەکراو کە دەرەنجام گۆڕانی تو خمەکان ئامانجییەتی.

ئەم گۆڕانە تەنیا تو خمەکانی یەك لای هاوکێشەکە ناگرێتەوە، یان بلێین تو خمەکانی لایەکی هاوکێشەکە نەمێنێ و ئەوی دیکەیان بە تەنیا شوێنی

هەردوو لای هاوکێشەکە بگرێتەوە، بەڵکو گۆڕانە لەسەر ئاستی کۆی هاوکێشەکە.

بە واتایەکی دیکە رەخنە کردارێك نییە لە نێوان دوو توخمی دژ بەیەکدا، چونکە ئەوەی لەنێوانی دوو دژدا روودەدات لە نەرمترین حاڵەتەکاندا کۆشش و بەرنامەی نەفیکردنەوەی یەکترە، نەك گۆڕان بەمانا ئۆرگانییەکەی کە بابەتێکی نویٚ و کەسێکی نوێی رەخنەگر دروست دەکات، توانا عەقڵییەکانی لە درك کردنی شتەکاندا بەرز دەکاتەوە بۆ ئەو ئاستەی لەناو حەقیقەتە ساختەکاندا ون نەبێت.

واتە: کە کەسێك رەخنە لە یەکێکی دیکە دەگریٚ، رەخنەی لەخۆشی گرتووە، چونکە توانایەکی دیکەی لە خۆیدا کەشف کردووە کە هاوکاری دەکات بۆ هەرچی زیاتر بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری و درك کردنی بە شتەکانی دەوروبەری. کەواتە رەخنەگر وەکوو چۆن دەیەویٚ بەهۆی رەخنەوە ئەوی دی بگۆڕیٚ، ئەوا هاوکات خۆشی دەگۆڕیٚ.

گۆشەیەکی دیکەی ئەم تێڕوانینە ئەوەیە کە رەخنە پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردنی پەیوەندی نێوان دوو توخمی ئۆرگانییە کە لە خراپترین حاڵەتەکانی پەیوەندی نێوانیاندا هێشتا یەکتریان قبوڵە بەو

جۆره كه دوو توخمی بەشدارن لـه كایەكانی ژیاندا و ئامادەییان تێدایه لـەپێناوی گۆڕاندا، كارتێكەریی ئاڵوگۆڕانه لـه نێوانیاندا هەبێ.

دوو توخم كه ئامادەیی گۆڕان و یەكتر گۆڕین و ئاڵوگۆڕكردنی كارتێكەرییەكانی یەكترگۆڕینیان تێدا بێ، واته دركیان به یاسا و مەرجەكانی زەرووڕەت كردووه، كەواته (**ئازاد** )ن، چونكه ئازادیی تەنیا یەك مانای جەوهەریی هەیه، ئەویش **درككردنه به زەرووڕەت**.

لـێرەدا زەرووڕەت (**گۆڕان – تغيير**)ە. هیچ كامێك لـەو دوو توخمه ئاماده نین "**هەر ئەوه بن كه هەن**"، بەڵكو دەیانەوێ "**ئەوەبن كه دەبێ بن**". بەواتایەكی دیكه هیچ كامێكیان خۆیان به حەقیقەتی رەها نازانن، حەقیقەتەكانی خۆشیان به زۆر بەسەر ئەوی دیكەدا ناسەپێنن، ئامادەن حەقیقەتەكانیان بخەنه ژێر پرسیاری ئەوی دییەوه، دواجار ئامادەن لـه هەموو ئەو پێوەر و پرینسیپ و مەرج و نەریتانه رزگاریان بێ كه وەهمی حەقیقەتی رەهایان لا دروست كردوون. ئامادەن بگۆڕێن. **ئەو توخمه كۆمەڵایەتیی و كولتوورییانەی ئامادەن بگۆڕێن، توخمی ئازادن**.

هەر كاتێك پەیوەندی نێوان توخمی رەخنەگر و توخمی رەخنەلێگیراو پەیوەندییەكی ئازادانه نەبوو، پەیوەندییەك نەبوو پاشی درككردن به یاساكانی زەرووڕەت، پەیوەندییەكی ئاڵوگۆڕانه نەبوو، لـەپێناوی گۆڕاندا نەبوو، لـه بناغەوه بوونی یەكتریان قبوڵ نەبوو، ئەوا رەخنه

وجودی نامێنێ و دەبێتە پرۆسەیەکی دیکە کە لە نەرمترین حاڵەتەکانیدا دەکرێ ناوی بنێین پرۆسەی **"یەکتر نەفیکردن"** لە تیژترین حاڵەتیشیدا دەبێتە **"یەکتر لەناوبردن"**.

بۆ روونکردنەوەی مەبەستەکەم یەك نموونە دەهێنمەوە: ئەو پەیوەندییەی لە نێوانی ئێمەی خەڵکی کوردستان و رژێمی بەعسدا هەبوو پەیوەندی دوو توخم نەبوو لە رێی رەخنە لەیەکتر گرتنەوە، بەڵکو پەیوەندییەك بوو لە رێی یەکتر نەفیکردنەوە. خەڵکی کوردستان هیچ رەخنەکیان بەرامبەر سیاسەت و رەفتارەکانی بەعس نەبوو، ئەویش هەر هەمان هەڵوێستی بەرامبەر ئێمە هەبوو. هەردووکمان دژی یەکتربووین و کۆششمان دەکرد بۆ لەناوبردنی یەکتر و بەو کەرەستانەش کارمان دەکرد کە پێگە و کۆڵەگەکانی یەکتر هەڵدەتەکێنن.

واتە ناکرێ سەرچاوەی کار و رەفتار و گوتاری ئەو دوو لایەنە لەهەمبەر یەکتر رەخنە بووبێ، بەڵکو دژایەتی بووە.
کەرەستەکانیشمان کەرەستەی رەخنەیی نەبوون، بەڵکو کەرەستەی یەکتر لەناوبردن بوون. ئێمە هەرگیز نەمانویستووە بەشداری لە هیچ پرۆسەیەکدا بکەین کە بەشێك بووبێت لە حوکمڕانێتی ئەو رژێمە، ئەویش نەیویستووە لە هیچ شتێکدا ئێمە شەریکی ئەو بین.

واته هەرگیز پەیوەندییەکی تەفاعولی لەنێوانماندا نەبووە، بۆیە ناکرێ و ناشێ پەیوەندی نێوانمان بە پەیوەندییەکی رەخنەیی راڤە بکرێ، ئەگەر لە غەفلەتێکیشدا وا راڤە بکرێ، ئەوا لەلایەکەوە خەسلەتی شۆڕشگێڕیی لە مومارەسەی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەلاّیەتی خۆمان دەسڕینەوە، هاوکات پێگە و مانایەکی پۆزەتیڤیش دەبەخشین بە رژێمی بەعس.

ئەگەر ئەو رژێمێك بووبێ قابیل بە رەخنە لێگرتنی ئێمە، واته قابیل بووە بە تەفاعول لەگەلّ ئێمەدا، ئەوکاتە ئەنفال و کیمیابارانکردن و راگواستن و تەنانەت ئەو کارە تیرۆریستییانەی تا هەنووکەش پاشماوەکانی ئەو رژێمە دەیکەن، هەندێ کاری هەلّەن، دەکرێ رەخنەیان لێبگرین و کۆششیان لەتەکدا بکەین بۆ گۆڕینیان.

بەپێچەوانەی ئەو نموونەیەی سەرەوە، لە نموونەیەکی دیکەدا دەمەوێ ئەسلّی پەیوەندییە رەخنەییەکە روون بکەمەوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرهەمی گواستنەوەی شەرعییەتی شۆڕشگێڕیی خەلّکی کوردستانە بۆ شەرعییەتی یاسایی و دامەزراوەیی. لە هەردوو قۆناغەکەدا (شەرعییەتی شۆڕشگێڕی و شەرعییەتی یاسایی) مەرجەعییەت گەلی کوردستان بووە.

بەواتایەکی دیکە حکومەتی هەرێم و خەڵکی کوردستان دوو توخمی دژ بەیەك نین، بەڵکو دوو توخمی ئۆرگانین لەگەڵ یەکدا. چونکە هەر لە بناغەوە حکومەتی هەرێم پرۆسەی خۆحوکمڕانیی خەڵکی کوردستانە لە مێژووی هاوچەرخدا. حکومەتی هەرێم قابیل بە رەخنەی ئێمەیە، ئەرکی ئێمەشە رەخنەی لێبگرین. ئەرکی ئەویشە نەك هەر بە رەخنەکانی ئێمە قایل بێت، بەڵکو پێویستە خۆشی ببێتە توخمێ لە پرۆسەی رەخنەییدا. ئەمەش لەرێی بەدامەزراویکردنی پەیکەری خۆیەوە، لەرێی دیموکراتیزەکردنی دامودەستگاکانییەوە، لەرێی زولاڵی و ئاشکراگۆییەوە، لەرێی ئازادکردنی ئۆرگانەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە.

رەخنەگرتن لە حوکمڕانێتی خۆیی ئاگایی هەموومان (خەڵك و حکومەت) لە ئاگاییدا دەهێڵێتەوە. چاوێك بە هەموومان دەبەخشێ وردتر لە کۆمەڵگاکەمان بڕوانین و هوشیارییەکیشمان دەداتێ کە وردتر لە توخمەکانی بونیادی کۆمەڵایەتیمان و یاساکانی رێکخستنی پەیوەندی نێوانیان تێبگەین و بەشدارییان تێدا بکەین.

رەخنەگرتن لە حوکمڕانێتی خۆیی، لەلایەکەوە دیموکراتیزەکردنی نارەزایەتییەکانی خەڵك و گۆڕینیانە بە چەردەیەك داواکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە قابیل بەوەن گفتوگۆ لەبارەیانەوە بکرێ و

تێگەیشتنی هاوبەش هەبێ. لەلایەکی دیکەشەوە بەعەقلانی کردنی پەیوەندی حکومەت و خەڵکە. واتە ئامرازێکە بۆ گۆڕینی هەردووکیان.

لەم حاڵەتەدا بۆ خودی حکومەت شکاندنی تەلزگەکان و دیوارەکانی تەسککردنەوەی ماڵەکەیەتی کە دەشێ ئاراستە خراپەکانی حکومڕانێتی و پەیکەری بیرۆکراسیی ناو ئەو ماڵە تا ئەو رادەیە بچووکی بکەنەوە جێی خەڵکی تێدا نەبێتەوە. بەمەش ئامادەیی ئەو حکومڕانییە دەردەکەوێ کە ئامادەیە ماڵەکەی هێندە فراوان بکات ئێمەش بەشداری تێدا بکەین. هاوکات، لەلایەکی ترەوە ئەو رەخنەگرتنە رادەی ئامادەیی ئێمەش نیشان دەدات بۆ بەشداریکردن لە ئەزموونی خۆحوکمڕانیدا.

چۆنێتی و چەندایەتی رەخنەی ئێمە لە حکومەتی هەرێم پێوانەی تەفاعولمانە لەگەڵیدا. ئەمەش پراکتیزەکردنی ئەو وزەیەیە کە لە هەناوی کۆمەڵگا و حکومەتەکەماندا هەیە و دەیەوێ ئازادانە، واتە وەکوو زەروورەت (**ئەوی هەیە**) بگۆڕێ بە ( **ئەوەی دەبێ هەبێ** ). کەواتە رەخنە وزەی دەرپەڕاندنی تواناکانی گۆڕینە لەناو کۆمەڵگا و حکومەتدا.

لەلایەکەوە حکومەت فێردەکات کە دەستکەوتەکان ئیلتیزامی ئەوە بەو بەرنامە و بەڵێنانەوە کە بە کۆمەڵگای داوە و پێویستە بەردەوام خەریکی نوێکردنەوەیان بێ نەبادا لە شوێن و کاتێکدا چەق ببەستن و ببنە دیوارێك لە غرور لەنێوانی خۆی و کۆمەڵگادا. کۆمەڵگاش فێردەکات کار و دەستکەوتە باشەکانی حکومەت،دەستکەوت و باشیی خۆین، چونکە هیچ حکومەتێکی باش لەناو کۆمەڵگایەکی خراپدا دروست نابێت و کاری پێناکرێ.

بۆیە پاراستن و پەرەپێدانی دەستکەوتە باشەکان نەك هەر ئەرکی کۆمەڵگایەکی باشە، بەڵکو ئاکار و کولتوورییەتی. بۆئەوەی ئەم کولتووره شوێنگرتوو بێت، پێویستە رەخنە وەکوو بەشێك لەو کولتووره کار بکات و هەموو دەستکەوت و کارە باشەکانی حکومەت بخاتە ژێر پرسیارەوە. واتە بەم کارەی، کۆمەڵگا رەخنە لە خۆی دەگرێ و خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئەو کۆمەڵگایەی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کۆمەڵگایەکی زیندووە، گۆڕانخوازە، ئازادە.

## رەخنە وەك پەیوەندییەکی بونیاتنەر

**رەخنە وەکوو بارانە، نابێ زۆر توند بێ چونکە دەبێتە لافاو و**

**لەبری ئەوەی رەگەکان ئاو بدات، لە بنڕا هەڵیاندەکێشیٚ**

جگە لەو گۆشانەی پێشوو، دەتوانین رەخنە وەك کایەیەکی وەزیفیی بخوێنینەوە. وەزیفەی رەخنە راکێشانی پردەکانی پەیوەندییە لە نێوانی رەخنەگر و رەخنەلێگیراودا. پەیوەندی هەیە سادە، هەشە ئاڵۆزە. هەیە کاتیی و هەیە درێژخایەن. هەیە ئۆرگانی و کارلێکانە، هەشە یەکتربڕ و دژانە.

لە کولتووری ئێمەدا ئەوەی باوە و جێی خۆی کردۆتەوە ئەوەیە کە دوو جۆر رەخنە هەن. یەکێکیان **(بنیاتنەر)** و ئەوی دیکە **(رووخێنەر)**. واتە یەکێکیان بریتییە لەپەیوەندییەکی دروستکەرانە لە نێوانی رەخنەگر و رەخنەلێگیراودا کە رەخنەگر بە رەخنەکانی رەخنەلێگیراو لە هەڵە و چەوتوچەوێڵییەکانی ئاگادار دەکاتەوە و پێشنیازی کاری باشی پێشکەش دەکات تا خۆی بگۆڕیٚ و سەرلەنویٚ خۆی بینا بکاتەوە.

ئەوەی تریان پەیوەندییەکی تێکشکێنەری رووخێنەرە کە رەخنەگر رەخنەلێگیراو دەداتە بەر لێزمەی رەخنەی کوشندەی تێکشکێن و هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە دەرفەتی گۆڕان و هەڵسانەوە و خۆبیناکردنەوەی بۆ نەهێڵیٚ.

ئەو پردی پەیوەندییە کە رەخنە لە نێوانی رەخنەگر و رەخنەلێگیراودا رایدەکێشیٚ دەچێتە پۆلینێکی دیکەوە کە من ناوی لیٚ دەنێم **(پردی**

**یەك ئاراستە)**، واتە پردێكە تەنیا بەیەك سایدیدا جوولە هەیە و گەڕانەوە یان دژە هاتنەوەی لەسەر نییە. بۆ زیاتر روونكردنەوەش دەبێت بلێم، رەخنە جۆرێك پەیوەندی دروست دەكات كە (**یەك وەزیفە**)ی هەیە و بریتییە لە (**بنیاتنان**) و بە هیچ جۆرێ (**روخاندن**) وەزیفەی رەخنە نییە.

رەخنەگر و رەخنەلێگیراو ئەگەر تاكەكەس بن، یان كۆمەڵە و گروپ، یان توێژ و چینی كۆمەڵایەتی، یان خەڵك و دەسەڵات بن، لەم پۆلینەدا جیاوازییان نییە و رەخنەش لە پەیوەندی نێوانیاندا تەنیا پەیوەندییەكی بنیاتنەرانە و دروستكەرانە دەبێت.

هەر كاتێ ئەم پەیوەندییە گۆڕا بۆ پەیوەندییەكی یەكتربڕی نەفیكەرانەی رووخێنەر ئیتر رەخنە وجودی نامێنێ. واتە كە ئەو دووانە ئامادەبن یەكتر لەناو ببەن ئیتر رەخنەی چی لەیەكتر دەگرن؟ رەخنە لە ئاستی نەفیكردنەوە و كوشتندا كوا مانای دەمێنێ؟ كوا وزە و توانای دەمێنێ. كەی دەتوانێ ببزوێ و گۆڕان بخولقێنێ؟ **كە رەخنەگر رەخنەلێگیراو دەكوژێ لەگەڵیشیدا (رەخنە) دەكوژێ.**

ئێوە سەرنج لەو پەیوەندییە بدەن كە لەم نموونەیەدا ئاماژەی پێدەكەم تا بیرۆكەكەم روونتر بێتەوە:

كە ئەمیری یەكێك لە گروپە تیرۆریستەكان كەسێك بەو پاساوە سەردەبڕێ كە رەخنەی لە بیروڕا و كاروكردەوەو عەقیدەی ئەو كەسە

هەیە، بەم سەربڕینە ئەو کەسە دەکوژێ و بوار و دەرفەتی ئەوەی بۆ ناهێڵێتەوە لە هەڵەکانی پاشگەز بێتەوە و خۆی راست بکاتەوە و سەرلەنوێ خۆی بینا بکاتەوە. کەواتە بە مردنی رەخنەلێگیراو رەخنە هیچ رۆڵ و ئەرکێکی نامێنێ. مەرگ هەموو پردەکانی پەیوەندی نێوان رەخنەگر و رەخنەلێگیراو دەپسێنێ چونکە لەبەرێکیان کەسی لێنامێنێ تا پەیوەندی لەگەڵدا ببەستێ.

کەواتە کە رەخنە هەبوو، کوشتن یان رووخاندن نابێ. کە کوشتن یان رووخاندن هەبوو رەخنە نابێ. کە رەخنە گیرا واتە خواستی راستکردنەوە و گۆڕان و بیناکردنەوە هەیە. کە کوشتن یان رووخاندن هەبوو واتە خواستی مەرگ و لەناوبردن هەیە.

مادەم رەخنە پەیوەندیەکی بونیاتنەرانەیە کەواتە لە بناغەوە دەبێت جۆرێك لە یەکترویستی و دۆستایەتی و متمانە لە نێوانی رەخنەگر و رەخنەلێگیراودا هەبێت. بە واتایەکی دیکە پێویستە رەخنەگر بە جۆری رەخنەکەی و گوتاری بەکارهێنراوی و رەفتارەکانی متمانە و دۆستایەتی و دڵنیایی رەخنەلێگیراو مسۆگەر بکات بۆئەوەی ئەویش رەخنەکە دروستانە وەرگرێ و بە روحی قبوڵکردنەوە جێبەجێی بکات.

لێرەوە لەو پەیوەندییە رەخنەگرانەیە دەڕوانم کە لە نێوانی خەڵکی کوردستان و حکومەتی هەرێمدا دروست بووە، کە لە بناغەوە پەیوەندییەکی ساغلەم و زیندووە، بەڵام لەسەر ئاستی راگەیاندن خەڵکانێك خۆیان کردووە بە نوێنەر و دەمڕاستی ئەم پەیوەندییە کە گوتار و رەفتاریان نەك هەر متمانە و دڵنیایی دروست ناکەن بەڵکو پردی هەرجۆرە پەیوەندییەکی دۆستانەش لەو نێوانەدا دەلەقێنن. بەمەش بارگرژی دەنێنەوە و ئیتر لە کەشوهەوای بارگاویشدا پرۆسەی رەخنە ناتوانێ رێی دروستی خۆی بدۆزێتەوە و لە نێوانی نیشاندانی رق و نائومێدیدا دێت و دەچێت.

دەمەوێ بڵێم کاتێك رەخنە تەحویل دەبێت بۆ ریزکردنی تۆمەتی بێ بەڵگە و ئامار و ژمارە، کە کارتەکان تێکەڵ دەکات و پەلاماری ژیانی تایبەتی مرۆڤەکان دەدات. کە دەبێتە جنێودان و گاڵتەجاڕی و "جڕت کێشان" و بانگەشەکردن بۆ " میز کردن بە حکومەتدا" و راگەیاندنی ئەوەی کە بە شێوەیەکی رەها "ئەم وڵاتە تا سەر ئێسقان دژی گەنجانە" و "خەونەکانیان نەزۆك دەکات". کە رەخنە گۆڕا بەوەی خەڵك فێر بکات" شانازییە لەسەر لاشەی سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان هەڵپەڕن" ئیتر پەیوەندی رەخنەگرانەش لە سایدی خۆی لادەدات و ناتوانێ وەزیفەکەی جێبەجێ بکات. بەواتایەکی دیکە ئەم جۆری

پەیوەندییە ئیتر پەیوەندی بونیاتنەرانە نییە، بەڵکو پەیوەندی بکوژانەیە و ڕەخنەش لەو حاڵەتەدا وەزیفەی تەواو دەبێ و ئەوەی ئەو بانگەشەیە دەکات ڕەخنەگر نییە، بەڵکو بکوژە.

دەرەنجام ئەوەیە ئەگەر بمانەوێ حکومەت فێربکەین چەوتوچەوێڵییەکانی ڕاستبکاتەوە و سەرلەنوێ خۆی بینابکاتەوە، ئەوا دەبێت ئێمەش فێر بین بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵیدا بدوێین و بەو ئاراستەیەدا ڕەخنەی لێبگرین.

## ڕەخنەلەخۆگرتن

**ئەو ڕۆژەی توانیت بە خۆت پێبکەنیت،**
**ئەو ڕۆژەیە عەقڵت پێگەییوە... ڤۆلتێر**

کە ڕەخنە چالاکییەکی عەقلانییە و ڕووبەرێکە بۆ ئازادی، ئەوا ڕەخنە لەخۆگرتن کرداری عەقلانیی مرۆڤە ئازادەکانە، کرداری ئازادانەی عەقڵە ڕەخنەگرەکانە. لەلایەکەوە عەقلانییەتی مرۆڤە ئازادەکان دەسەلمێنێ، لەلایەکی تریشەوە ئازادی مرۆڤە ڕەخنەگرە عەقلانییەکان دەسەلمێنێ. ئەم پرۆسەیە بەرهەمی بەخۆداچوونەوەی کەسە ڕادیکال و ئازاکانە، بەرهەمی کولتووری مرۆڤبینییە. بۆیە دەکرێ لە گۆشەی جیاجیای سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەخلاقیشەوە بخوێنرێتەوە.

بۆ نموونە، لە گۆشەیەکەوە دەمانخاتە بەردەم تاقیکردنەوەی تواناکانی یادکردنەوە و، وامان لێدەکات لەیادمان بێ ئەوەی ڕەخنەی لێ دەگرین ئەوەندەی ئێمە مرۆڤە. ئەویش ئەوەندەی ئێمە بەرهەمی کۆمەڵگاکەمانە. ئەگەر ئەو قاچێکی خوارداناوە، ئەوا قاچەکەی بەرامبەری لە خواریدا هی یەکێکی ئێمەیە، چونکە ئێمەش وەکوو مرۆڤ و وەکوو بەشداربوویەکی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بێبەری نین لە هەڵە و کەموکورتی.

ئەگەر ئەو شایستەی ڕەخنەلێگرتن بێ ئەوا تاکێکی تاکوتەنیا نییە بەڵکو ئەو ئەندامێکی کۆمەڵگایە و لەلایەکەوە ئۆرگانیزەی هەڵە و چەوتوچەوێڵییەکانی کۆمەڵگایە و لەلایەکی دییەوە بەرهەمی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هەڵە باوەکانی کۆمەڵگایە. بە واتایەکی دیکە هیچ هەڵەیەك نییە ئەندامێکی کۆمەڵگا بیکات، یەکەمین هەڵەی بێ نموونە بێت، بەڵکو ئەو هەڵەیەی ئەمڕۆ ئەو دەیکات هاوکاتە لەگەڵ سەدان هەڵەی دەقاو دەقی وەکوو خۆی یان هاوشێوەی یان هاوزیانی کە لە هەمان لەحزەدا لە چەندین شوێنی دیکەی ئەم وڵاتە، لە ناو چین و توێژی کۆمەڵایەتی جیاجیادا، لە لادێ، لەناو شار، لەلایەن کەسێکی ئاساییەوە، لەلایەن بەرپرسێکی حکومییەوە دەکرێن.

کەواتە پرینسیپی رەخنەلەخۆگرتن ئەم دیتنە فراوان و پڕاوپڕەی لە هەناودایە. ئەم کۆکردنەوە ئۆرگانییەی تێدایە کە ئێمە هەمووما‌ن لە یەك یەکەی ئۆرگانیدا ئەندامی کارلەیەکترکراوین ئەویش کۆمەڵگایە. کۆمەڵگایەك کە هەروەکوو چۆن چاکەکانی خۆی بەرهەمدەهێنێت ئاواش خراپەکانی بەرهەمدەهێنێت.

ئینجا پرۆسەی رەخنەو رەخنەلەخۆگرتن هەڵگری جۆرێك لە هەستی دەروونییە کە مرۆڤ بە رەخنەلەخۆگرتن رادەی ئەو ئازارە دەروونییە درك دەکات کە رەخنەلێگیراو دەیچێژێ. ئەمەش خۆی لە خۆیدا چوونە ناو تاقیکردنەوەیەکە، چونکە پرۆسەی خۆسزادان هەرگیز ئەوەندەی سزادانی ئەویدیکە ئاسان نییە. بە گوتەیەکی دیکە ئەگەر رەخنەگر کەسێکی ئازای بەجورئەتە، ئەوا رەخنەلەخۆگر چەند ئەوەندەی ئەو دلێر و جەریئە.

بەلایەکی دیکەش خۆتاقیکردنەوەیە لە پرۆسەی ناسینی ئازادیدا.
چونکە رەخنەگرتن شێوازێکی مومارەسەکردنی ئازادییە و
رەخنەلەخۆگرتنیش شێوازێکی راستکرنەوە و هەڵسەنگاندنی ئازادییە، بەو مانایەی ئەگەر رەخنەگرتن لەوی دی بریتی بێت لە نیشاندانی سنوورەکانی ئازادی ئەو و بە ئاگا هێنانەوەی لەسەر ئەوەی ئەو سنوورەی بەزاندووە، ئەوا رەخنەلەخۆگرتن ناسینی سنوورەکانی

ئازادی خۆته. تاقیکردنەوەکەش لەوەدایە کە ئایا تا کویێ سنووری ئازادی خۆت دیاری دەکەیت؟ ئایا دەبینیت هی ئەوت چەند تەسککردۆتەوە و هی خۆت فراوان کردووە؟!

رخنەگرتن لەوی دی ماف بەخۆدانە کەسایەتی ئەو هەڵسەگێنیت و بە پێوەرەکانی خۆت بیپێویت، دەی کەواتە رەخنەلەخۆگرتن دەستپێشخەرییە لە ناسین و هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی خۆت بە پێوانەکانی ئەوی دی، ئەمەشیان تاقیکردنەوەیەکی دیکەیە کەسایەتی خۆتی تێدا شەنوکەو دەکەیت بە کەرەستەی ئەوانی دیکە. ئایا چەند ئامادەیت دەستبەرداری کەرەستە و پێوانەکانی خۆت بیت و بە پێوانەی خەڵکانی دیکە کەسایەتی خۆت بپێویت؟

زۆرن ئەو ستوون و بابەتە رۆژنامەگەرییانەی لە بڵاوکراوە جۆراجۆرەکانی کوردستاندا پڕاوپڕن لە رەخنە، ئەمەیان کارێکی تەندروستە و بەرهەمی کۆمەڵگا تەقلیدییەکەمان نییە بەڵکو بەرهەمی ئەو تێپەڕاندنە شۆڕشگێڕییە نەریتشکێنەیە کە فیکری سیاسی و کاری حزبی و رێکخراوەیی و چالاکی رۆشنبیری لە کوردستاندا بەرهەمی هێناوە. بەڵام نە لەو رۆژنامانەدا و نە لە هیچ فەزا و پانتاییەکی دیکەشدا هاوسەنگەکەی رەخنەگرتن نابینین کە رەخنەلەخۆگرتنە،

ئەمەیان بەرهەمی کۆمەڵگا تەقلیدییەکەمانە کە هیچ کەسێ خۆی بە هەڵە نازانێ و رەخنەیەك لە خۆی ناگرێ.

ئەوانەی زۆر بە توندی و بە وشەو زاراوەی زبر و بریندارکەر رەخنەدەگرن و مەسەلە گشتی و شەخسییەکان تێکەڵی یەکدی دەکەن، ئەو کاتە دەبێت شانازی بەم کارەیانەوە بکەن و خۆیان بە کەسی رچەشکێنی رادیکال و ئازا بزانن، کە ئامادەبن رەخنەلەخۆش بگرن. دەنا ئەوان لە تەقلیدیترین کەسی تەقلیدی ناو ئەم کۆمەڵگا تەقلیدییە تەقلیدیترن و لە ژێر پەرچەمی مۆدەرنیتە و ئازادیدا نەریتە باو و کۆنەکانی کۆمەڵگا تەقلیدییەکەمان بەرهەمدێننەوە.

# هەڵە میتۆدییەکان لە پرۆسەی رەخنەگرتندا

لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی رەخنەییدا، هەڵەی میتۆدی دەکرێن، هەوڵ دەدەم ئاماژە بە گرنگترینیان بکەم کە بە رای من بریتین لە (خودخەتاباریی، کەساندن، ناشرینکردن):

## خودخەتاباریی

یان خۆخەتابارکردن، یەکێکە لەو هەڵە میتۆدییانەی لە پەیڕەویکردنی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی رەخنەییدا دووچاری رەخنەگری ناعەقڵانی دەبێت.

ئەم مۆدێلە لەژێر پەردە و بەلۆژیکی رەخنەلەخۆگرتن دەستپێدەکات و رەخنەگر خۆی دەکاتە بەشێکی **"بەپەرۆش"** لە **"هەموو"** مان و بە ناوی "ئێمە"ەوە دەدوێت و رەخنە لە **"ئێمە"** دەگرێ، بەڵام ئەو خۆ بە پەرۆشتر نیشاندانە دواجار ئەو **"ئێمە"** دەکاتە **"خۆمان"**ێکی خەتابار بەو کەموکورتییانەی هەیە و پرۆسەی رەخنەلەخۆگرتن دەکاتە پرۆسەی "خۆخەتابارکردن". لە نێوانی رەخنەلەخۆگرتن و خۆخەتابارکردندا جیاوازی هەناویی هەیە. رەخنەلەخۆگرتن پرۆسەی هەڵسەنگاندنی رەفتار و هەڵوێست و گوتار و رۆڵی خودە بەمەبەستی راستکردنەوە و

بەردەوامێتی، بەڵام خۆخەتابارکردن چنگەکرێیە بەدوی هەڵەکاندا بەمەبەستی دۆزینەوەی نیشانە و بیانووەکانی **"تاوانبارکردن"**.

رەخنەلەخۆگرتن مومارەسەی ئازادی خودناسییە لە ناو **(ئەڵقەی خوددا)** و بە **(کەرەستەی رەخنەیی خۆیی)** و لەپێناوی **(ریفۆرمی خوددا)**، وەلێ خۆخەتابارکردن مومارەسەرکردنی **(خودنەیاریی)** ە بە **(کەرەستەکانی ئەوانی نەیار)** و لە پێناوی **(شکستپێهێنانی خۆدا)**.

رەخنەلەخۆگرتن رەخنەی خۆتە بەرامبەر تومخە بونیادییەکانی کۆمەڵگاکەت، بەرامبەر وەزیفەکانی ئەو تومخانە، بەرامبەر پەیوەندییەکانی نێوانیان، بەرامبەر ئەدای دامەزراوەکانی خۆت لە بەڕێوەبردنی کارێکی دیاریکراودا، بەڵام خۆخەتابارکردن گواستنەوەی دەقاودەقی نەیارێتی ئەوانی نەیارە بەرامبەر بە خۆت وەك ئەوەی کە ئەوان تۆ خەتاباردەکەن وەك سەرەتایەك بۆ نەفیکردنەوەت، پاشان لەناوبردنت.

خۆخەتابارکردن گواستنەوەی بە نهێنی و نەبینراوانەی هەڵوێستی **"ئەوانی دژە"** بۆ ناو گوتاری خۆ و سەرلەنوێ داڕشتنەوەیەتی لە گوتارێکدا کە بە رواڵەت لە رەخنەلەخۆگرتن دەچێت بەڵام لە جەوهەردا بەکارهێنانەوەی گوتاری تاوانبارکردنی نەیارانە بۆ خۆت بە زمانی خۆت.

# کەساندن

**عەقڵە بچووکەکان گفتوگۆ لەبارەی کەسەکانەوە دەکەن.**
**عەقڵە مامناوەندییەکان لەبارەی شتەکانەوە، وەلێ عەقڵە گەورەکان لەبارەی پرینسیپەکانەوە... "حیکمەتێکی چینی"**

لە پرۆسەی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی رەخنەییدا هەڵەیەکی میتۆدی دەکرێ ئەویش (**کەساندن**)ی دیاردەیە.

کەساندن (**شخصنة**) واتە شرۆڤەکردنی دیاردەیەك لە کەسێکدا و دیاریکردنی هۆکارەکانی رووداو و بەردەوامبوونی لەو کەسەدا بە جیا لە هۆکار و فاکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان. بە لێکدانەوەیەکی دیکە، بە لۆژیکی کەساندن (**دیاردە**)ی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کولتووری بەهۆی کەسێکەوە و بە جوداکراوەیی لە هۆکارە بابەتییەکان روودەدات و بەردەوامبوونی دیاردەکە و پەرەسەندنی پەیوەندە بە کەسێکەوە نەك بەو فاکتەرە خولقێنەر و بزوێنەرانەوە کە لە واقعی کۆمەڵایەتیدا بە جیا لە کەسەکان هەن و کاری خۆیان لە ناو یەك ئەڵقەی تێهەڵکێشی کارلێکانەی دیالەکتیکیدا دەکەن.

بە (کەساندن) هەموو دیاردەیەك دەخرێتە بازنەی پەیوەندییەکی سادە و کاتییەوە. بەمەش تەمەنی دیاردەکە هێندەی تەمەنی کاریگەریی کەسەکە

و تواناكانی بۆ كارلێك و بزواندن دیاریدەكریٚ، ئەمەش بۆ كەسێكی تاك و موجەرەد لە هۆكارە بابەتییەكان هێندە كورتخایەن دەبێت كە ئیتر ناشتوانین دەركەوتەی كاریگەرییەكەی بە (دیاردە) ناوببەین، چونكە (دیاردە) سیفەتگەلێكی هەیە كە دەبێت بابەتی و لە دەرەوەی ئارەزووی تاكەكان بێت و كارتێكەری جەبرییانەی لەسەر تاكەكان هەبیٚ، خاسییەتی بەردەوامیی هەبیٚ، گشتی بێت و قابیل بە گشتاندن بێت لەسەر ئاستی كۆمەڵگا، زەرووری بێت و وەكوو پێویستییەكی كۆمەلآیەتی هاتبێتە ئاراوە، خاسییەتی دووبارەبوونەوەی هەبیٚ كە قابیل بە لێكۆڵینەوەی ئەزموونگەرانە و دەرهێنانی یاساكانی روودان و بەردەوامێتی و پەرەپێدان بێت.

هەموو ئەم سیفەتانە و هی دیكەش ناكریٚ و ناشیٚ بلكێنین بە كرداری یان رەفتاری كەسێكەوە و ناوی بنێین (دیاردە) و لەسەر ئەم بناغەیەش خوێندنەوە و رەخنەمان بۆی هەبیٚ. كارێكی لەمجۆرە بێگومان دەمانخاتە ناو هەڵەیەكی میتۆدانە و دەرەنجامی هەڵەشی لێوە هەڵدەهێنجێنین كە دواجار حوكم و بڕیاری نابەجیٚ و نادروستیشی لەبارەوە دەدەین.

كارل ماركس كە خوێندنەوەی رەخنەیی بۆ ئایین هەیە، رەخنەكانی لەسەر بنەمای رەخنەگرتن لە دیاردەیەكی كۆمەلآیەتی و دەركەوتە كۆمەلآیەتی و سیاسی و ئابووری و كولتووریەكانی هەیە كە دواجار وەك توخمێكی بونیادی رۆڵیان لە دیاریكردنی شێوازی ژیاندا هەیە.

مارکس هەرگیز خوێندنەوەی رەخنەییانەی بۆ ئایین بە لۆژیکی کەساندن بینانەکردووە، بۆیە لە هیچ نووسراوێکیدا ئەوە نابینیت کە هێرش بکاتە سەر پێغەمبەران، یاخود تانەو تەشەر لە ژیانی تایبەتیان بدات، یان هەموو دەرەنجامە نەخوازراوەکان لە کەسایەتی ئەواندا کورت بکاتەوە و پێی وابێ ئەگەر کەسایەتی ئەوانی لەکەدار کرد یان شکاندی ئەوا دیاردەکە و لێکەوتەکانیشی دەشکێنێ . کارل مارکس رەخنە لە کۆی دیاردەکە، لە دامەزراوەکانی، لە وەزیفەکانی، لە رۆڵی کۆمەڵایەتییانەی، لەو هوشیارییە ساختەیە دەگرێ کە ئەو دامەزراوانە بەرهەمی دەهێنن.

ئەمەش مانای وانییە کە (کەس- تاك) رۆڵی لە دروستکردن و بەردەوامیی و پەرەپێدانی دیاردەدا نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە پرۆسەی پەرەسەندنی مێژوودا رابەرانی سیاسی و کەسانی ئایینی و رۆشنبیرانی رادیکال و سەرکردە کاریزمییەکان رۆڵی زۆر گرنگ و یەکلاکەرەوەیان بینیوە، بەڵام چ وجودی خودی خۆیان لەناو رووداوەکان و دیاردەکاندا و، چ هەڵسوڕاوییان لە ناو جوولەی رووداوەکاندا و، چ گردبوونەوەی خەڵك لەدەوریان بە رێکەوت نەبووە، بەڵکو زەروورەتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەوێیدا داناون و، جگە لە لێهاتوویی شەخسی، فاکتەرە بابەتییەکان رۆڵیان لە دروستکردنی کەسایەتییە کاریگەرەکەیاندا هەبووە، بە واتایەکی دیکە

ئەوان هەروا لـە خۆڕا و لـە ئەتمۆسفیرەوە پەیدا نەبوون و کەوتبێتنە ناو چەقی دیاردەکانەوە، بەڵکو ئەوان بەرهەمی کۆمەڵگاکەی خۆیان بوون کە پڕاوپڕبووە لەو هۆکارانەی دیاردەکانیان دروستکردووە و هەر ئەو کۆمەڵگایەش ئەو هۆکارانەی دروستکردووە کە ئەم کەسەی خستۆتە چەقی جوولەکەوە و خەڵکی لەدەور کۆکردۆتەوە.

دوو جۆرن ئەوانەی دیاردەی کۆمەڵایەتی دەکەسێنن. یەکەمیان ئەوانەی لـە ژێر کاریگەریی سەرسوڕمان و بڕوابوونی دەروێشانەدا زیادەڕۆیی پۆزەتیڤانە لـە رۆڵی تاك دەکەن.

دووەم جۆری ئەوانەی دیاردەی کۆمەڵایەتی دەکەسێنن، ئەوانەن کە لـە ژێر کاریگەریی کینە و هەڵوێستی پێشوەختانە زیادەڕۆیی نەگەتیڤانە لـە رۆڵی تاك دەکەن.

ئاسەواری میتۆدی و فیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی جۆری یەکەم بریتییە لەوەی هەڵسەنگاندنی پۆزەتیڤانەی زیادەڕۆ دەبێتە جۆرێك لـە هەڵەبواردنی تاك و پاساوهێنانەوە بۆ هەموو رەفتار و گفتارەکانی تا رادەی پیرۆزکردنیان. دەرەنجامیش ئەنجامگیرییەکی نابابەتیی دەردەچێ و هەموو فاکتەرە بابەتی و خودییە پۆزەتیڤە خولقێنەرەکانی دیاردە بچووك دەبنەوە تا لـە ئاستی رۆڵی تاکدا دەبنە هۆکاری لاوەکی و پاشکۆ. لەم بوارەدا مێژوو نموونەی زۆرمان

دەداتێ کە دەرەنجامەکەی دروستکردنی تاکی سەروو کۆمەڵگا و جووڵەی واقیع و هۆکارە بابەتییەکان بووە.
بەڵام ئەوانەی لە پرۆسەی رەخنەلێگرتندا زیادەڕۆیی نەگەتیڤانە لە رۆڵی تاك دەکەن و دیاردە و رووداوەکان دەکەسێنن، یا ئەوەتا کاڵفامی دەمارگرژن و جگە لەوەی لە رەهەندەکانی دیاردەکە نەگەییون، هەروەها دەمارگرژانە زوو هەڵدەچن و رووکەشترین هۆکار و سادەترین توێژ لە توێژگەلی پێکهێنەرەکانی دیاردەکە هەڵدەبژێرن کە (کەسی دیاری ناو دیاردەکە یان رووداوەکەیە) و دەڵێن خەتای فڵانە ئەمە روویدا و دەکەونە پەلاماردانی.
یاخود تەمبەڵن و حەوسەڵەی گەڕان و لێکۆڵینەوە و قوڵبوونەوەیان نییە لە دیاردەکەدا، بۆیە زوو شرۆڤەیەکی لەکۆڵخۆکەرەوانەی ئاسانی بۆ دەکەن و دەینێن بە ناوی کەسێکەوە.
یان هەرزەی خۆدەرخەرن و بە دووی هەراوزەنای خۆناساندن و زوو ناسین و ناودەرکردندا وێڵ و سەرگەرمن، بۆیە بە نووسینی فەزیحەت و پەلاماردانی ئەم و ئەو، ئەم خولیا و حەزە نەخۆشانەیان تێردەکەن.
یان مەبەستێکی شەڕانگێزانەی تایبەتیان هەیە و لەپەنای بابەتێکی دیاریکراوەوە گورزێکی دیاریکراو دەسرەوێننە کەسێکی دیاریکراو لە پێناوی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکی دیاریکراوی لایەنێك یان کەسێك یان دەزگایەکی دیاریکراو.

جۆرێك لە بنووس لە هەندێ رۆژنامە و سایتی کوردیدا پەیدابوون هەر دیاردە و رووداوێك دەخەنە بازنەی رەخنەلێگرتنیانەوە بێ چەندوچوون دەیکەسێنن.

بە نووسینەکانیاندا، دەکرێ بگوترێ ئێستا لە هەر چوار جۆرەکەی سەرەوە هەن. هەم کاڵفامی دەمارگرژ، هەم تەمبەڵ، هەم هەرزەی زووخۆدەرخەر، هەم شەڕانگێز. تەنانەت دەکرێ لەیەك کەسدا لەیەك سیفەت لەو سیفەتانە زیاتر دەستنیشان بکەین، یان هەر چوار سیفەتەکە پێکەوە بدۆزینەوە.

## خۆجوانکردن بە ناشیرینکردنی ئەو

لە پرۆسەی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی رەخنەییدا هەڵەیەکی دیکەی میتۆدیی دەکرێ ئەویش (**خۆجوانیشاندان**)ە لەرێی (**ناشیرینکردن**) ی بەرامبەرەوە. بەواتایەکی دیکە رەخنەگر ناڵێ من وەها جوانم، بەڵکو دەڵێ ئەوی دی ناشرینە. بە نیشاندانی ناشرینییەکانی ئەوی دیکە بەنیازە جوانی خۆی بزانرێ.

ئەم پرۆسەیە بۆیە بەلای منەوە هەڵەیەکی میتۆدانەیە چونکە لەلایەکەوە بەهای عەقڵانیی لە رەخنە وەردەگرێتەوە و دەیخاتە خانەی کردارێکی شعوریی تۆڵەکەرەوە و پڕاوپڕ دەبێ لە هەڵچوون و کاردانەوەی

نەگەتیڤ و نەفی کردنی ئەوی دیکەی جیاواز. لەلایەکی تریشەوە هەڵەیەکی میتۆدانەیە چونکە دەمانباتەوە بۆ ئەو سەرەتا نەویستراوەی کە پێشتر ئاماژەمان بۆکرد و ناومانانا **"خولقاندنی دوالیزمە دژەکان"**.

لەم کردارەشدا دوالیزمی جوان و ناشرین دێنرێتەوە ئارا و پەیڕەوکەرانی ئەمجۆرە بەکارهێنانی رەخنە، تا نەیسەلمێنێن شتێك ناشرینە ناتوانن بیسەلمێنێن شتێکی دیکە جوانە. کەواتە بەهاکان بەهای فۆرمەلەبووی سەربەخۆنین بەڵکو بەهای نافۆرمەلەبووی پاشکۆن.

واتە جوانی بەهایەکی سەربەخۆ و فۆرمەلەبوو نییە، بەڵکو بەهایەکە مەحکومە بە بەهای ناشرینییەوە و تا ناشرینیی نەبێت جوانییش وجودی نییە. ئەوکاتە ئەگەر نەمانتوانی بیسەلمێنین کامانەن ئەو شتانەی ناشرینن ناشتوانین بیسەلمێنین کامانەن ئەو شتانەی جوانن. **نەتوانین** لەم حاڵەتەدازۆر ئاساییە، ئەوەش لەبەر یەك هۆی زۆر ساکار کە لۆژیکی (رێژەیی)یە. ئەوەی بەلای فلانەوە ناشرینە، بەلای فیسارەوە جوانە و بەپێچەوانەشەوە. تەنانەت ئەوەی لە زەمەنێکدا جوانە، لە زەمەنێکی دیکەدا ناشرینە... ئەوەی لە واقعێکی کۆمەڵایەتیدا ناشرینە، لە واقعێکی دیکەی کۆمەڵایەتیدا جوانە.. ئەوەی لێرە جوانە، لەوێ ناشرینە.....هتد. واتە بەهای جوانی و بەهای ناشرینیی پەیوەستن بە شوێنکاتەوە، بە کۆمەڵگاوە، بە مۆرالەوە، بە شێوازی ژیانەوە....هتد.

کە رەخنە بکرێتە کەرەستەی خۆجوان نیشاندان لەسەر حیسابی ناشرینکردنی ئەوی دیکە، رەخنە دەبێتە شمشێری دووسەرە. هەر لەوەکاتەدا کە رەخنەگر دەیەوێ بەهۆی ناشرینکردنی ئەوی دیکەوە جوانیی خۆی نیشان بدات، دەکرێ خۆیشی ناشرین بکات. ئەوسا بەهۆی ناشرین بوونی خۆیەوە، جوانیی ئەوی دیکە دەربکەوێ. ئەمەش رێك پێچەوانەی ئەو مەبەستەیە کە ویستراوە.

هەروەها بەمجۆرە بەکارهێنانە، رەخنە دەبێتە کەرەستەی لەناوبردنی بەهای جوانی و بە تەنیا هێشتنەوەی بەهای ناشرینیی. چونکە کە (أ) (ب) ناشرین دەکات، (ب)یش (أ) ناشرین دەکات، ئێمەش تەنیا ناشرینی (أ) لە رەخنەی (ب) دا دەبینین و ناشرینی (ب)ش لە رەخنەی (أ)دا دەبینین، واتە تەنیا ناشرینی هەردووکیان دەبینین و بواری ئەوەمان بۆ ناهێڵنەوە جوانی کەسیان ببینین.

بەمجۆرە بەکارهێنانی رەخنە، بەڵگەی ناشرینی بەکارهێنەرەکەیەتی. (أ) کە پڕاوپڕە لە ناشرینیی، دەیەوێت بە ناشرینکردنی (ب) و فۆکس خستنە سەر ناشرینییەکانی ئەو، ئێمە لە ناشرینییەکانی خۆی غافڵ بکات و فۆکسمان لەسەری نەمێنێ.

بەمجۆرە بەکارهێنانی رەخنە، بەڵگەی ناشرینی بەکارهێنەرەکەیەتی، چونکە ئەوەی خاوەنی یەك تۆزقاڵ جوانی بێت باسی ئەو یەك تۆزقاڵ

جوانییەی خۆی دەكات، ئەوسا ئێمەش ئەو جوانییە دەبینین و فۆكسی لەسەر دەكەین. كە ئێمە ئەو تۆزقاڵە جوانییەمان درك كرد داوا دەكەین فراوانتر بكرێ، شتەكانی دیكەش وەك ئەو تۆزقاڵە جوان بكرێن.

لە بەها كۆمەڵایەتییە مێژووییەكەیدا لەم حاڵەتەدا، بەهای جوانی بریتییە لە بەهای زەرووورەتی بوونی (أ) یان زەرووورەتی بوونی (ب). بە لێكدانەوەیەكی دیكە، چاوەڕوانی كۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەوەیە كە بەپێی زەرووورەتێكی كۆمەڵایەتی و لەژێر كارتێكی مەرجگەلێكی كۆمەڵایەتی (أ) یان (ب) دروست بن.

ئەگەر نا چاوەڕوانی كۆمەڵایەتی و مێژوویی لەوەدا نییە كە (أ) بۆ سەلماندنی وجودی خۆی نەهی لە وجودی (ب) بكات یان بە پێچەوانەوە. دەی لەمجۆرە بەكارهێنانەی رەخنەدا، هەرگیز **"زەرووورەت"** وەك بەهایەك وجودی نییە و نازانین بۆچی زەرووورە كە (أ) هەبێت، بەڵكو دەزانین كە نابێت (ب) هەبێت.

لەم حاڵەتەشدا (أ) پێویستی بەوە نییە كە پێمان بڵێ **"بەرنامە"**ی هەیە، بەڵكو پێمان دەڵێ بەرنامەی (ب) خراپە. ئەمەش جگە لەوەی ئەوپەڕی ناعەقڵانییەتە، هەروەها لەدەستدانی ئازادییە، چونكە (أ) هەموو وجودی خۆی پەیوەست دەكات بە بوون و نەبوونی (ب)ەوە،

دەبێ (ب) هەبێ تا (أ) بتوانێ بڵێ من هەم. کەی (ب) نەما (أ) دووچاری یەکجەمسەری دەبێت.
یەکجەمسەری بۆ (أ) کوشندەیە، چونکە کە ناشرینەکە (ب) نەما ئیتر کاتی ئەوە دێت (أ) باسی جوانییەکانی خۆی بکات، جوانی (أ) یش هەرگیز بەهایەك نەبووە بۆ باسکردن، بەڵکو هەمیشە ناشرینیی (ب) بەهایەك بووە بۆ باسکردن. کەواتە کە (ب) نەما هیچ بەهایەك بۆ باسکردنیش نامێنێ. واتە (أ)یش کۆتایی دێت. لە باشترین حاڵەتدا (ج) دروست دەبێت باسی ناشرینییەکانی(أ) دەکات و خولی ئەم بازنە کۆتانەهاتووە دووبارە دەبێتەوە.
لە ژیانی سیاسی و تەنانەت رۆشنبیریی کوردستاندا ئەم دیاردەیە لەمێژە هەیە. هەر حزبێك یان قەوارەیەکی سیاسیی کە دروست دەبێ، بەیاننامەی یەکەمی راگەیاندنی دامەزراندنی، بەیاننامەی ناشرینکردنی هەموو ئەو حزبانەیە کە پێش ئەو هەبوون. لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە، دامەزراندنی حزب بەم لۆژیکە ناعەقلانییە بووە. هەروەها بزاڤە رۆشنبیرییەکانیش تا دەگاتە قۆناغی ئێستامان ئەم نەخۆشییە درمەیان گرتووە و لە هەندێ برِگەدا نەقڵ بووە بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش.

بەمەندە كۆتایی بەبەشی یەكەمی ئەم كتێبە دێنم. بە كورتی لەو بڕوایەدام هێشتا لە كوردستاندا پرۆژەی رەخنە و پرۆژەی فیكری رەخنەیی جێی خۆی نەكردۆتەوە و كولتووری كۆمەڵگاكەشمان هاوكار نییە بۆ سەرهەڵدانی تەندروستانەی ئەم پرۆژە مەعریفییە كە دواجار ئازادی و عەقڵانییەتی كۆمەڵگاكەمان بەرجەستە دەكات و توخمە بونیادییەكانی لە پەیوەندییەكی دیالەكتیكانەدا، لەسەر ئاستی كارتێكەریی و وەزیفیی پێكەوە گرێدەدات.

دروستبوونی ئەم پرۆژە فیكری و وەزیفییە دەخوازێ پەیڕەوییە نەریتییەكانی رەخنە تێپەڕێنرێ بەرەو فەزایەكی كراوەی ئازاد كە جیاوازییەكان ببنە بەهای كۆمەڵایەتی ئەوتۆ كە هەر یەكەیان بۆخۆیان بەهایەك بن و یەكتریش قبوڵ بكەن. ئەم خواستنە كار و كۆششی هەمەلایەنەی كۆمەڵایەتی و سیاسی دەوێ كە لە بنەڕەتەوە كار بۆ گۆڕینی بەها نەریتییەكان بكات و لەجێیان بەهای كولتووریی نوێ بەرهەمبهێنێ. لە واری سیاسیدا ئەم كارە دەكەوێتە ئەستۆی حكومەت و بەرهەڵستكارەكانی. لە بەشی دووەمی ئەم كتێبەدا ئەم باسە دەكەین.

## بەشی دووەم:

# بەرهەڵستكاریی رووبەرێك بۆ عەقڵانییەت

## پێشەكییەك بۆ ناساندنی بەرهەڵستكار

لە زانستی سیاسیدا دەستەواژەی (بەرهەڵستكار) بۆ پێناسەكردنی گشتییانەی كۆمەڵێك یان ژمارەیەك كەس بەكاردەهێنرێ كە لەسەر زەوینەیەكی جێگر و بۆ ماوەی دوورخایەن لەگەڵ حكومەتدا ناكۆكن.

بەرهەڵستكار، یەك رەوت یان زیاترە، ئەگەرچی خۆیان لەناو خۆیاندا، لە تێڕوانین و رێبازی سیاسیی و لە زۆر شتدا جیاوازن، بەڵام لەوەدا كۆكن كە سستمی سیاسی بگۆڕن، یان لانیكەم ریفۆرمی تێدا بكەن. ئەم كارەش بەهۆی كەرەستە سیاسیی و دەستوورییەكانەوە، یان لەرێی دروستكردنی ئەو كەرەستانەوە جێبەجێی دەكەن.

بەڵام دەشگوترێ كە بەهۆی زۆر هۆكاری ناوخۆیی و دەرەكییەوە، یان لەبەرئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بەتوندی و لەرێی ئامڕازە سەركوتكەرەكانەوە وەڵامی بەرهەڵستكارانی دەداتەوە، لەوانەیە بەرهەڵستكاریی سیاسی بگاتە ئاستی بەرهەڵستییەكی چەكدارانە. ئەو كاتە بەرهەڵستكار دەبێتە یاخیبوویەكی چەكدار، یان شۆڕشڤان.

لەوانەیە بارودۆخەکە لەوەش قەیراناوی و توندتر بێتەوە و شەڕی ناوخۆ روویدات. لەم حاڵەتەدا، بەرهەڵستکاریی پەرچەکردارێکی مێژووکرد و کۆمەڵگاکردە بەرامبەر دیکتاتۆرییەت و داگیرکاری و ژێردەستەیی و چەوسانەوە.

سەرەڕای ئەو جۆرە پێناسەیەش بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم چەمکە بۆ پێناسەکردنی ئەو حزبانە بەکاردەهێنرێ کە لەناو پەرلەماندان بەڵام لەگەڵ حکومەتدا ناکۆکن و هەوڵدەدەن جێی بگرنەوە. واتە چەمکی بەرهەڵستکار تەنیا بۆ ئەو چالاکییە سیاسییانە بەکاردەهێنرێ کە بەشێکن لە ژیانی سیاسی دیموکراسی، نەك دژەکەی.

بەو مانایەش بەرهەڵستکاریی لە شێوەیەك لە شێوەکانیدا فۆرمەلەبوونی فرە حزبییە لە ژیانی سیاسیدا. دەکرێ بە دیوەکەی دیکەشدا بڵێین: فرە حزبیی فۆرمەلەبوونی بەرهەڵستکارییە. واتە لە هەر کۆمەڵگایەکدا فرەحزبیی هەبوو، مانای وایە شێوەیەك، رادەیەك، ئاراستەیەك لە بەرهەڵستکاریی هەیە.

ئەوەی راستییەکی حاشاهەڵنەگرە ئەوەیە کە هەبوونی بەرهەڵستکاری سیاسی خەسڵەتێکی بنەڕەتی هەر سستمێکی سیاسی دیموکراسییە. بەواتایەکی دیکە، سستمی دیموکراسی کە خۆی منداڵدانی دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی دیموکراسییانەیە، هەر خۆشی منداڵدانی

بەرهەڵستکارییە. هەروەها وەکوو چۆن دروستبوونی دەسەڵات لەدەرەوەی ئەم منداڵدانە مەحاڵە و ئەگەر دروستیش بوو ئەوا دەسەڵاتێکی تاکڕەوی دیکتاتۆر دەبێ، ئاواش دروستبوونی بەرهەڵستکار لەدەرەوەی منداڵدانی دیموکراسی مەحاڵە. ئەگەر لە دەرەوەی منداڵدانی دیموکراسی شتێك بەناوی بەرهەڵستکارەوە دروست بێ، بێگومان منداڵێکی شێواو و شەپلەدار دەبێ و وزەی مانەوەو ژیانی زۆر کەم دەبێ.

لۆژیکی دیالیکتیکانەی ئەوەی کە دیموکراسی خۆی منداڵدانی دەسەڵات و بەرهەڵستکارەکەشیەتی، پشتئەستوورە بە دوو یاسا، یەکەمیان یاسای **کۆبوونەوە و ملململانێی دژەکانە** ، دووەمیان یاسای **شەرعییەت پێدانە**. واتە دیموکراسیی کە لە رێی دامەزراوە سیاسییە شەرعییەکان و میکانیزمە شەرعییەکانی پەیڕەوکردنی دیموکراسییەوە شەرعییەت بە دەسەڵات دەدا، شەرعییەتیش بە بەرهەڵستکارەکانی دەدات.

بەرهەڵستکارێك لە سستمی دیموکراسیدا، بەرنامە و دروشم و جیهانبینی و میکانیزمەکانی کارکردنی لەگەڵ دیموکراسیدا ناکۆك بن، هەرگیز شەرعییەت وەرناگرێ و لەباشترین حاڵەتدا بە یاخیبوو، یان لەیاسادەرچوو لەقەڵەم دەدرێ. بەواتایەکی دیکە ئەوەندەی دەسەڵاتی

سیاسی، لـە سستمی دیموکراسیدا لـە خەمی ئەوەدایە شەرعییەت وەرگرێ، ئەوەندەش بەرهەڵستکارەکانی لـە خەمی ئەوەدا دەبن شەرعییەتی بەرهەڵستکارییان هەبێ، ئەگەر نا ناتوانن ببنە هێزێکی کۆمەڵایەتی، ناتوانن ببنە گەمەکەرێك لـە گەمەی دیموکراسیدا، ناتوانن ببنە بەشداربوویەکی ئەرێنی ژیانی سیاسی، دواجار ناتوانن هەبن. ئەگەر هەشبن، دیاردەی راگوزەری کاتی دەبن، لـە شێوەی چالاکی و جموجوڵی ئەنارشیزمانەی ئاژاوەگێڕ و پۆپۆلیزمانەدا دەردەکەون و زوو لـەناو دەچن.

کەواتە ئەرکی بەرهەڵستکاری شەرعی و عەقڵانی، دوو ئەرکی بونیادیی هاوکاتانەیە:

1- **عەقڵانییکردنی نارەزایەتییەکان** . واتە گۆڕینیان بۆ چەردەیەك داواکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کە دەتوانرێ گفتوگۆیان لـەبارەوە بکرێ، تێگەیشتنی هاوبەش لـەبارەیانەوە دروست بکرێ و چارەسەرەیان بۆ بدۆزرێتەوە.

2- **دیموکراتیزەکردنی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵکی نارازیی**. کە بەرهەڵستکار دەبێتە لـەمپەر لـەبەردەم لـەگرێژنەدەرچوونی نارەزایەتی و هەڵگەڕانەوەی بۆ ئاژاوە و توندوتیژیی. کەواتە نەبوونی ئەم بەرهەڵستکارییە لـە نێوانی بەرژەوەندی گشتی و

بەرژەوەندی تایبەتدا، بۆشاییەك دروست دەكات كە بەهۆیەوە بچووكترین بزاڤی نارەزایەتی یان كەمترین ئاستی ناكۆكی لە هەر كایەیەكدا بەئاسانی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئاژاوە و پیاهەڵشاخان و نیمچە یاخیبوونێكی لە گرێژنەدەرچوو كە كۆنترۆڵكردنیان لەلایەن حكومەتەوە ئاسان نابێت و دەرەنجام توندوتیژی بەرامبەرێنەیان لێدەكەوێتەوە. لە هەرێمی كوردستان نموونەی لەمجۆرەمان هەیە: بەر لە دووساڵ یان زیاتر كەمترین نارەزایەتی خەڵك بەرامبەر كەمیی خزمەتگوزارییەكان گۆڕدرا بۆ خۆپیشاندانی ئاپۆرایی ئاژاوەگێرانە و توندوتیژی و توندوتیژیی بەرامبەرێنەی لەلایەن حكومەتەوە لێكەوتەوە و هاوولاتیانی تێدا كوژران و بریندار بوون و دامودەزگای حكومەت و كەرتی گشتی زیانیان پێكەوت و یەكێك لە سیمبولەكان (مۆنیمێنتی هەڵەبجە) سوتێنرا.

هەموو ئەوانە بۆمانی دەسەلمێنن كە هەروەكوو چۆن سیاسەت بە بێ بەرهەڵستكاریی بوونی نییە، هەروەها بەهەڵستكارییش لە كەشوهەوای رووبەڕووبوونەوە و پیاهەڵشاخان و تەقینەوەدا نە بوونی دەبێ نە لە ژیانی سیاسیدا جێی دەبێتەوە.

ئەم لۆژیکە بۆ سەلماندنی حەقیقەتی زەرووڕەتی بەرهەڵستکاریی، وەکوو پێشتریش ئاماژەمان پێکرد پەیوەستە بە شەرعییەت و عەقلانییەتی بەرهەڵستکارییەوە. بەبێ ئەو شەرعییەت و عەقلانییەتە، بەرهەڵستکاری ناعەقلانی بێ شەرعییەت، خۆی دەبێتە ئامرازی لەگرێژنەدەرچوون و ئاژاوەگێڕی و دواجار دروستکردنی ناوەند و قەوارەی یاخیبوون و لەبەریەکترازانی سیاسی و کۆمەڵایەتی (نموونەی ئەمەشمان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە).

دیوێکی دیکەی تێگەیشتن لە زەرووڕەتی هەبوونی بەرهەڵستکار، (**گۆڕان**)ە. گۆڕینی شێوازی ژیان، ئاستەکانی، ئاراستە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی، گۆڕینی کولتووری حکومڕانی و بەرهەڵستکارییە. واتە هەم گۆڕینی سستمی سیاسییە لە توخمە بونیادییەکانیدا، هەم گۆڕینی بەرهەڵستکارییە لە توخمە بونیادییەکانیدا.

گۆڕان لەم حاڵەتەدا بچووك ناکرێتەوە بۆ گۆڕینی حکومەت یان قلْبکردنەوەی یان بەرپاکردنی کودەتا لە دژی. بەڵکو دەکرێ بەرهەڵستکار لەڕێی چاودێریکردنی کار و ئەدای حکومەت و ئاستی جێبەجێکردنی بەرنامەکەیەوە، لەڕێی شیکردنەوەی سیاسەتەکانییەوە، لەڕێی میکانیزمەکانی کاری پەرلەمانی و مەدەنییەوە، هەروەها لەڕێی ئەو ئەرکانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، بەبێ گۆڕینی حکومەت یان

سەرووژێرکردنەوەی دەسەڵات، ژمارەیەك گۆڕانکاری گرنگ لە کۆمەڵگا و ژیانی سیاسیدا بێنێتە ئاراوە.

کە لێرەدا باسی گۆڕان دەکەم مەبەستم نییە پێناسەی ئەم چەمکە بکەم یان لە بوار و هۆکار و دەرەنجامەکانی بکۆڵمەوە، بەڵکو زیاتر مەبەستمە باسی گۆڕان بکەم وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ شەرعییەت و عەقلانییەتی بەرهەڵستکاریی. واتە کام بەرنامەی گۆڕانخواز، کام میکانیزمی کارکردن بۆ گۆڕان دەبنە سەرچاوە بۆ شەرعییەتدان بە بەرهەڵستکاریی و سروشتێکی عەقلانیی پێدەبەخشن؟

لە رووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتە شمولییە دیکتاتۆرەکاندا کە هەموو بەرهەڵستکارییەك خیانەتە و هەموو میکانیزمەکانی کارکردنی بەرهەڵستکاریی قەدەغە و بڤە و ناشرعین، گۆڕانخوازیی کورت دەبێتەوە بۆ یەك مانا ئەویش سەروژێرکردن و رووخاندنی دەسەڵات و هەموو دامەزراوەکانییەتی.

بەڵام لە سستمی دیموکراسیدا کە بەرهەڵستکاریی ماف و زەرووورەتە، کە یاسا بەرهەڵستکاریی دەپارێزی و چالاکییەکانی رێکدەخات و دەبێتە چەتر بۆ هەڵسوڕاوان و چالاکوانانی.. کە پەرلەمان، حزبە سیاسییەکانی دەرەوەی پەرلەمان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دەبنە مەڵبەندەکانی کاری بەرهەڵستکاریی لەپێناوی گۆڕاندا، ئیتر

چەمکی گۆڕان، چەمکی کودەتا و یاخیبوون تێدەپەڕێنێ و لە سەروژێرکردنی حکومەت و دەسەڵات فراوانتر دەبێ و دەبێتە پرۆسەی چاکسازیی و هەموو کایەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە و بەرهەڵستکارانیش دەبنە قەوارەی ڕێکخراوی بەبەرنامە کە بەپێی بنەماو ڕێسا و پرینسیپگەلێك کاردەکەن، شەرعییەت و عەقلانییەت بە بوونی خۆیان و کار و دروشمەکانیان دەدەن.

ئیشکالییەت لێرەدا ئەوەیە کە بەرهەڵستکار، گۆڕان بکاتە دروشم و بەرنامەی خۆی، بەڵام لە هەناویدا مەیلی کودەتا و ڕووخاندنی سستمی سیاسی و حکومەتی هەبێ. کاتێك هەست بەم مەیلە دەکەین کە بەرهەڵستکار لە ڕەفتار و گوتاری سیاسیدا گۆڕڕابێ بۆ هێزێکی **"بەرپەچدەرەوە"** و **" بەرەنگاربۆوە"** بەرامبەر حکومەت.

بەمانایەکی دیکە بەرهەڵستکار دروشمی گۆڕان،کە دەکرێ لە ڕێی گفتوگۆ و تێگەیشتنی هاوبەشەوە جێبەجێ بکرێ، بکاتە داوای نەکردە و دەرەنجامی نەکردنەکانیش بکاتە بیانوو بۆ پیاهەڵشاخان لەگەڵ دەسەڵاتدا. بەم مەیلە بەرهەڵستکار جگە لەوەی شەرعییەت و عەقلانییەت لە خۆی دەسەنێتەوە، هەروەها حکومەت و ژیانی سیاسی بەگشتی ڕادەکێشێت بۆ ناو بازنەی ئاژاوە و گێرەشێوێنی و لێکترازانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دواجار بارەکە بەرەو توندوتیژیی دەبات.

بەمەش پرۆژەی بەرهەڵستكاریی سیاسی كە پرۆژەی گۆڕانكاریی چاكسازانەیە فەشەل دەهێنێت.

كەواتە لەو ساتەوە كە بەرهەڵستكاریی سیاسی پرۆژەی گۆڕان دەكاتە پرۆژەی سەروژێركردنی سستمی سیاسی، شوێنی خۆی جێدەهێڵێت و دەچێتە خانەی كودەتاوە و چیتر ناتوانێ ئەركەكانی بەرهەڵستكاریێ بەگوێرەی كۆمەڵگا و دەسەڵات و دامەزراوەكانیان جێبەجێ بكات. بەڵكو لەبری ئەوانە ئەركەكانی كودەتاچییەك ئەخاتە ئەستۆی خۆی.

## بەرهەڵستكاریی لە هەرێمی كوردستاندا

لەبەر رۆشنایی لێكدانەوەكانی سەرەوە، بۆمان روون دەبێتەوە كە بۆ هەر سستمێكی دیموكراتی هاتنە ئارای رەوتی سیاسی بەرهەڵستكاری عەقلانی و شەرعی، لە رووی سیاسی و كۆمەڵایەتییەوە بابەتێكی پڕ بایەخە. لە دۆخی ئێستادا، لە هەر كاتێك زیاتر پرۆسەی سیاسی و حوكمڕانێتی لە هەرێمی كوردستاندا پێویستییان بە دروستبوونی ئەو جۆرە بەرهەڵستكارەیە.

هەرچەندە فرە حزبی لە كوردستاندا فەراهەمە و لە ژیانی سیاسی و لە هەڵبژاردنەكان و لە دامەزراوە سیاسییەكاندا، بەشداریی حزبەكان بەرچاوە و هەموو پرۆسەكانی هەڵبژاردن بە فرەیی كراوە و چەندین

حزب و قەوارە، چ بە هاوپەیمانێتی یان تاك تاك بەشدارییان تێدا کردووە، بەڵام تا بەرهەڵستکارێکی بە بەرنامەی ڕێکوپێك و ئایندەبین و خاوەن سەرمایەی فیکری و مرۆیی لە هەرێمی کوردستاندا دروست نەبێ، حکومەتی هەرێم بێئاگا لە کەموکورتییەکانی خۆی ڕۆژ بەڕێدەکات و لە سەر ئەم نەزمەی ئێستای کاروبار بەڕێوە دەبات کە لەپاڵ ئیشە باش و کاریگەرەکانی، تا ڕادەیەکی بەرچاو هەڕەمەکی و بێ نەزمی و ناموئەسساتی پێوە دیارە.

چالاکی سیاسی کە ئێستا بە شێوەیەکی سەرەکی لە بوونی حزبەکاندا بەرجەستەیە، لە غیابی بەرهەڵستکارییەکی ڕاستەقینە و خاوەن پرۆژەدا جگە لەوەی سست و لاواز دەبێ، لە زوربەی کەموکورتییەکانی حکومەت بێئاگا دەبێ و تا ڕادەیەکی زۆریش ئەو حزبانە هەوڵ و کارکردن بۆ چاکسازی لە ئەدا و پێکهاتەی حکومەتدا بە ئەرکی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان نازانن و چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتی هەرێم فەرامۆش دەکەن.

بە واتایەکی دیکە زەروورەتی خۆرێکخستنەوە و چاکسازیی و وەسەرپێکەوتنەوەیەکی تەن دروستی حکومەتی هەرێم و پرۆسەی سیاسییە وا دەکات بوونی ڕەوتێکی ڕاستەقینەی بەرهەڵستکار لە هەرێمی کوردستان دروست بێ.

كێشەكە لەمە بەدوایە كە كێیە ئەو بەرهەڵستكارە؟ ئیشكالییەتەكانی بەرهەڵستكاریی لە هەرێمی كوردستاندا چین؟

ئایا كۆمەڵگای كوردستان و ژیانی سیاسی لەم هەرێمەدا و پۆلبەندییە سۆسیۆ- سیاسییەكانی ئەم كۆمەڵگایە و كولتووری باو لەم ڕەهەندەدا، زەوینەی ڕاستەقینەی بۆ دروستبوونی ئەو بەرهەڵستكارە ڕەخساندووە؟ یان هێشتا حەقیقەتێكی دیكە درێژەی هەیە كە ئەویش حەقیقەتی هاوپەیمانییە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكانە كە لەسەردەمی خەباتی پێشمەرگایەتییەوە درێژبۆتەوە بۆ سەردەمی خەباتی بەدیموكراتیزەكردنی كۆمەڵگا و بە دامەزراویكردنی سسستمی سیاسی و ئیداری هەرێم؟

ئەگەر ئێمە ئەو ئەگەرە بسەلمێنین كە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی كۆتایی نەهاتووە و ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەكان نەهاتوونەتە دی و ئەوەی ڕوویداوە گۆڕینی شێواز و میكانیزمەكانی خەباتە لەناو خودی ئەو قۆناغەدا لە خەباتی پێشمەرگایەتی شۆڕشگێڕانەوە بۆ خەباتی سیاسی و دامەزراوەیی، ئەوا ئەو ئەگەرەشمان بۆ دەسەلمێ كە ئیستیحقاقی خەباتی هاوپەیمانێتیش كۆتایی نەهاتووە. چونكە خەباتی ڕزگاریی نیشتمانیی بازنەی كۆكردنەوەی تواناكانی نەتەوەیە و بزواندنییانە بە یەك ئاقار و ئاراستەدا.

ئەم كۆكردنەوەیە، پرۆسەی وەسەریەكخستنی توانا كۆمەڵایەتییەكانی كۆی كۆمەڵگایە بە هەموو چین و توێژەكانییەوە، هەروەها وەسەریەكخستنی هەموو توانا سیاسییەكانە بە جیاوازی بیروڕا و ئایدیۆلۆجییانەوە.

بزواندنەكەش بە ئاراستەی رزگاریی نیشتمانی و دامەزراندنی قەوارەی سیاسییە كە جگە لە دامەزراندنی قەوارەیەكی دیموكراتی، هەر قەوارەیەكی دیكە تەواوی ئایندەی خەباتی رزگاریی نیشتمانی دەخاتە مەترسییەوە و هەر لەبناغەشەوە ناكۆك دەبێ لەگەڵ كرۆكی بزووتەنەوەی رزگاریی نیشتمانیدا چونكە، ناكرێ و نابێ خەباتی رزگاریی نیشتمانی لە ئامانجی دیموكراسی دابڕێت.

ئەم دانەبڕانە لۆجیكی كۆكردنەوەی دیالیكتیكانەی نێوان رزگاربوونە لە ژێردەستەیی و چەوسانەوە و دواكەوتوویی كە خەسڵەتەكانی سستمی سیاسی دیكتاتۆر و داگیركارە، لەگەڵ بیناكردنی كۆمەڵگای ئازاد و سەرفراز و پێشكەوتوو كە خەسڵەتەكانی سستمی سیاسی دیموكراتە. كەواتە هەر لە بناغەوە هەموو ئەو هێزە كۆمەڵایەتی و حزبە سیاسییانەی بەشداربووی قۆناغی رزگاریی نیشتمانین، بەشداربووی پرۆسەی گۆڕانی سستمی سیاسین لە دیكتاتۆرییەوە بۆ دیموكراسیی.

ئەم هێزە کۆمەڵایەتی و حزبە سیاسییانە لە کوردستاندا لە تاقیکردنەوەی قۆناغی یەکەمی رزگاریی نیشتمانیدا سەرکەوتوو بوون، ماوە ئێستا لە تاقیکردنەوەی قۆناغی دووەمدا، ئایا لە بنیاتنانی دیموکراسیشدا سەرکەوتوو دەبن؟

بەم مانایەش لە قۆناغی دووەمی رزگاریی نیشتمانیدا، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە پێکهێنەری سەرەکی هەموو دامەزراوە سەروەرییەکانی کوردستانن لەبەردەم ئەم تاقیکردنەوەیەدا بوون. هەژدە ساڵە وەڵامی پرسیارەکانی ئەم قۆناغە دەدەنەوە، بێگومان خۆیان کەموکورتییەکانی ئەدای سیاسی و ئەدای حکومەتی هەرێم دەزانن ودەتوانن رەخنەگرێکی جدی بن بەرامبەریان و دەشتوانن بیگۆڕن و چاکی بکەن.

ئەم دوو حزبە بەهۆی ئەوەوە کە لە مێژوویەکی پڕ ئاڵوگۆڕی سیاسیدا و لەبەرامبەربوونەوەیەکی سیاسی زۆر ئاڵۆزیی ناو عێراق و ناو هاوکێشە تێکچڕژاوەکانی ناوچەکەدا و لە پارسەنگکردنەوەی هێزی خۆیان بەرانبەر ئەو هەموو هێزە عێراقی و ئیقلیمییانەی لە دەورانی جیاجیادا بە ئاشکراو راستەوخۆ، یان بە نهێنی و ناڕاستەخۆ دژایەتی دۆزی گەلی کوردیان کردووە، بەرەنگاربوونەتەوە و درێژەیان بە هەموو جۆرەکانی خەبات داوە و شکستیان نەخواردووە و لەپاشی

هەر نشووستییەکیش هەستاونەتەوە سەرپێ و بەپشت بەستن بە ئیرادەی گەلی کوردستان خەباتی سیاسییان جۆشداوەتەوە، قابلییەتی ئەوەیان لەلا دروستبووە کە ئیستیعابی ئەو گۆڕانکارییە گرنگانە بکەن کە لە پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان و ناوچەکە و جیهاندا هاتوونەتە ئاراوە، دەشتوانن وەڵامی جدییان بۆ ئەو گۆڕانکارییانە هەبێت و خۆیان بەو پێیە بگونجێننەوە و تەنانەت لەوەش زیاتر توانای ئەوەیان لا دروستبووە کە ئاراستەی بەشێك لەو گۆڕانکارییانە بەلای بەرژەوەندی گەلی کوردستاندا بادەنەوە.

کەواتە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەو قۆناغەیان تێپەڕاندووە کە ململانێی ئەوان لەگەڵ نەیار و بەرهەڵستکارەکانیاندا پارسەنگی هێز و پۆلبەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان بەگوێرەی ئەمان لاسەنگ بکات. ئەمان ئێستا لەو قۆناغەدان کە بە کەموکورتییەکانی سستمی سیاسی و ئیداری هەرێمدا بچنەوە و جارێکی تر و بۆ قۆناغی ئایندە سەرلەنوێ و لەسەر بنەمای ئیستیحقاقە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی و کولتوورییەکانی خەڵکی کوردستان رێکیان بخەنەوە.

هاوکات لەماوەی ساڵانی رابردوودا، بەرهەڵستکارییش لەبەردەم تاقیکردنەوەدا بووە، کە ئایا دەتوانێ دروست بێ؟

ئایا دەتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری رووبەڕوویان دەکاتەوە؟ ئایا دەتوانێ شەرعییەت بۆ خۆی مسۆگەر بکات؟

ئایا بەرهەڵستکاریی لای بەرهەڵستکارانی کوردستان تەنیا مومارەسەکردنی **فشارێکی بەنازانەیە** لەسەر دەسەڵات بۆئەوەی دەستکەوتە حزبییەکانی خۆیان زیاتر بکەن، یان بەرهەڵستکاریی بەرزبۆتەوە بۆ ئاستی گوزارشتکردن و رێکخستن و رابەرایەتیکردنی داوا و ئاواتەکانی ژمارەیەك توێژ و چینی کۆمەڵایەتی، واتە بۆتە هێزێکی کۆمەڵایەتی؟

ئایا بەرهەڵستکاریی هەوەسێکی وەرزییە، یان زەروورەتێکی کۆمەڵایەتی – سیاسی؟

ئایا بەرهەڵستکاریی بڕیارێکی ئیرادەوییە یان پێویستییەکی مێژووکرد؟ دواجار، ئایا بەرهەڵستکاریی لە میکانیزمەکانی پەیڕەوکردنی دیموکراسیدا خۆی فۆرمەلە کردووە یان لە میکانیزمەکانی ئاژاوەگێڕی و پۆپۆلیستییەتدا؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە لە کۆتایی ئەم بەشەدا باس لە ئیشکالییەتی بەرهەڵستکاریی و ئەو خەسڵەتە سەرەکیانە دەکەم کە ئەو ئیشکالییەتانەی لە هەرێمی کوردستاندا پێدەناسینەوە.

# مەرجەکانی هەبوونی بەرهەڵستکار

لە سستمە دیموکراسییەکاندا ئەو حزبەی لە هەڵبژاردندا زۆرینەی دەنگەکانی دەنگدەران دەهێنێ، بەرنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیریی خۆی هەیە و لە رێی حوکمڕانێتییەوە جێبەجێی دەکات. ئەو زۆرینەی خەڵکەش بۆیە دەنگیان داوەتێ تا لە رێی دامودەستگای حکومەتییەوە ئەو بەرنامەیەیان بۆ جێبەجێ بکات. ئەگەر نەی کرد ئەو دەنگدەرانە لێی دەپرسنەوە.

کە زۆرینە بەپێی بنەماکانی دیموکراسیی دەبێتە حکومڕان، واز لە بەرنامەی خۆی ناهێنێ تا بەرنامەی کەمینە جێبەجێبکات. دەکرێ رێز لە ئیرادە و قسە و رای کەمینە بگرێ بەڵام مەرج نییە بەقسەیان بکات یان ئەوە جێبەجێ بکات کە ئەوان دەیلێن!!

کاتێك کە حزبی براوە بۆ پتەوکردنی پێگەی کابینەی حکومەتەکەی لەبەرامبەر نەیار و بەرهەڵستکارەکانی، هاوپەیمانی لەگەڵ خودی بەرهەڵستکارەکانیدا دەکات، یان لەگەڵ حزبی دیکەی نێوان خۆی و بەرهەڵستکارە سەرەکییەکانیدا دەیکات، دیسانەوە بەرنامەکەی خۆی دەکاتە بەرنامەی حکومەتەکە و ئەو وەزیرانەی لە حزبەکانی دیکەوە بەشداری کابینەی حکومەتەکەی دەکەن، پابەند دەبن بە بەرنامەی حکومەتەوە کە لە بنەڕەتدا بەرنامەی حزبی براوەیە. واتە هەر وەزیرێك

لەو وەزیرانە بەرنامەی حزبەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەن، بەڵکو بەرنامەی کابینەکەی حکومەت جێبەجێ دەکەن کە لە ئەسڵدا بەرنامەی حزبی براوەیە.

سەرەڕای ئەو راستییانە و هەرچەندە لە هەرێمی کوردستاندا پەیڕەوی لە بنەما پراکتیکییەکانی دیموکراسی دەکرێ و پەرلەمان و دامەزراوە سیاسییە سەروەرییەکان بە هەڵبژاردن و دەنگدانی هاوڵاتییان پێکدەهێنرێن، بەڵام سستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان تا هەنووکە بەرهەمی ئەو قۆناغە سیاسییەیە کە بزووتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێ و بەهۆی چەردەیەك هۆکاری ناوخۆیی و عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە کە بۆ دۆزی نیشتمانیی کوردستان مۆلەقن و جێگیر نین، ئەو سستمە سستمی "هاوپەیمانێتی سیاسی"یە.

ئەم هاوپەیمانێتییە لەسەر زەوینەی پەیوەندییەکی دیموکراسییانە و تەوافقی نێوان حزبە سیاسییەکان راگیراوە. واتە هاوپەیمانێتییەکە **"هاوپەیمانێتی دیموکراسییە"** و مافی زۆرینە و کەمینە لە چاو مەسەلە چارەنووسسازە نیشتمانییەکانی هەرێمدا وەك یەك چاولێکراوە.

لەسەرینی ئەمەوە چاودێریکردنی ئەدای حکومەت و سەرکردایەتی سیاسی و رەخنەگرتن لە کەموکورتییەکانیان بۆتە ئەرکێکی

**"هاوپه‌یمانانه"** ی گشتی. به‌واتایه‌کی دیکه لایه‌نه هاوپه‌یمانه‌کان له پێگه‌یه‌کی به‌شداربووانه‌ی ئیجابییه‌وه چاودێری حکومه‌تی هه‌رێم و سه‌رکردایه‌تی سیاسی ده‌که‌ن و ره‌خنه‌یان لێده‌گرن.

که حکومه‌تی هه‌رێم که‌موکورتی بکات له جێبه‌جێکردنی کاره‌کانیدا، په‌رله‌مان و ئه‌نجوومه‌نی بالاّی حزبه‌کان و سه‌رۆکایه‌تی هه‌رێم لێی ده‌پێچنه‌وه. ئه‌م سێ دامه‌زراوه‌ش کۆی بونیادی سیاسی هه‌رێمی کوردستانن و هه‌موو پێکهاته سیاسییه‌کانی کوردستانییان تێدایه و ئازادیشن چۆن ره‌خنه‌ده‌گرن و به‌رنامه‌ی به‌دیل پێشکه‌ش بکه‌ن و به‌پێی میکانیزمه‌کانی کاری ئه‌م دامه‌زراوانه به‌دواداچوونیان هه‌بێ بۆ داوا و ره‌خنه‌کانیان. لێره‌وه ده‌کرێ به جۆرێك باس له به‌رهه‌ڵستکاری سیاسی له هه‌رێمی کوردستاندا بکه‌ین که ئه‌و خه‌سڵه‌تانه‌ی نیه که له به‌رهه‌ڵستکاری ته‌قلیدیدا هه‌یه.

له‌م ئه‌زموونه‌دا جگه له دوو حزبی سه‌ره‌کی کوردستان که له هه‌ڵبژاردندا زۆرینه‌ی ده‌نگه‌کانی خه‌ڵکی کوردستانیان وه‌رگرتووه و ده‌توانن پێکه‌وه حکومه‌ت پێك بهێنن، حزبه‌کانی دیکه ته‌نانه‌ت ئه‌وانه‌شیان که ئه‌گه‌ر به ته‌نیا بچوونایه‌ته هه‌ڵبژاردنه‌وه 1٪ی ده‌نگه‌کانیشیان نه‌ده‌هێنا، به حوکمی دیموکراسییه‌تی هاوپه‌یمانیی کورسیان له په‌رله‌ماندا هه‌یه و به وه‌زیرێك یان زیاتر به‌شدارن له

کابینەی حکومەتدا, لەوەش زیاتر چوار لەو حزبانە ئەندام بوون لە ئەنجوومەنی باڵای حزبەکاندا کە لەوێ بڕیار لەسەر هێڵە گشتیی و ستراتیجییەکانی سیاسەتی هەرێم لە هەموو بوارەکاندا دەدرێن. ئەم ئەزموونە بەرهەمی کاری بەرەیی نێوانی حزبە سیاسییەکانە لە قۆناغی بەرەنگاربوونەوەی رژێمی دیکتاتۆریدا کە تا ئێستا درێژەی هەیە.

جگە لەو رەهەندە مێژووییە, لەهەمبەر مەسەلەکانی فیدرالی و دیموکراسی و ئازادییەکان لە عێراقدا هێشتا زەروورەتی هاوپەیمانێتی لە نێوانی حزبە کوردستانییەکاندا ماوە. بەڵام ماوەیەك بوو مەیلێکی توند دروست ببوو کە بەرهەڵستکار دروست بکرێ و تەنانەت ئەم حەزە تا ئەو رادەیە چوو هەندێك لەو حزبە بەشدارپێکراوانە رۆڵی بەرهەڵستکاریان دەبینی.

کە ژیان وای لێهات چیتر نابێ ئەوە بێ کە هەیە، بەرهەڵستکاریی وەك زەروورەتێکی سیاسی– کۆمەڵایەتی بەپێی مەرجگەلێکی بابەتی و دوور لە ئیرادەگەرایی و خۆنواندن دروست دەبێ و دەبێتە وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی ئەو قۆناغە, ئەگەر ئەم حەقیقەتە بابەتییە نەهاتبێتە ئاراوە هەموو بەرهەڵستکارییەك دەبێتە خۆنواندن و موزایەدە، یان سەرەڕۆیی و کردەوەیەکی ئیرادەوی خۆکوژیی.

لەو بڕوایەدام بۆ ئەوەی بەرهەڵستکاریی لە کوردستاندا مانا و بواری ڕاستەقینەی خۆی وەربگرێ، پێویستە دوو مەرج جێبەجێ بکات.

**یەکەم مەرج**: کۆتایی هێنانە بە سستمی دیموکراسیی هاوپەیمانیی و دروستکردنی سستمی ڕکەبەرایەتی نێوان حکومەت و بەرهەڵستکارەکانی. یان ڕاستتر بڵێم بکرێتە سستمی ملململانێی نێوان حکومەت و بەرهەڵستکارەکانی.

**مەرجی دووەم**: دەبێت بەرهەڵستکار شەرعییەتی خۆی لەوەوە وەرگرێ کە خاوەنی بەرنامە و توانای بەڕێوەبەردن بێ تا ببێتە جێگرەوەی حکومەت، بەوهۆیەشەوە متمانەی خەڵك مسۆگەر بکەن بیسەلمێنن کە حزب هەن ئامادەن بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و باشتر بەڕێوەبردنی.

لە کوردستاندا ئەم دوو مەرجە تا خۆسازکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی پەرلەمان لە ئارادا نەبوو. بۆیە ئەم جۆرە بەرهەڵستکارەش نەبوو. تا لانی کەمی ئەم دوو مەرجەش جێبەجێ نەکرێ سەرەتاکانی بەرهەڵستکارییەکی دروست لە هەرێمی کوردستاندا سەرهەڵنادات. بەم پێیەش من لەو بڕوایەدام کە هێشتا لە کوردستاندا بارودۆخی لەبار و بابەتیی وەك زەرووڕەتێك بۆ دروست بوونی هێزی نوێی کۆمەڵایەتی دروست نەبووە. بۆیە ئەوەی کە هەشە تەنیا دەرکەوتەی نارەزایەتین

بەرامبەر کەمی خزمەتگوزاری و کەموکورتییەکانی ئەدای حکومەتی هەرێم و دیاردەی گەندەڵی.

لەم ئاقارەدا واتە بۆ سەلماندنی ئەو مەرجە بابەتی و خودییانەی دەبنە زەمینەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ دروستبوونی بەرهەڵستکاریی، دوو کایە هەن پێویستە لێیان وردبینەوە. **یەکەمیان: ململانێی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکان** و قەیرانی ئەم ململانێیەیە. **دووەمیان: پۆلبەندی سیاسییە لە کۆمەڵگای کوردستاندا.**

## لۆژیکی بابەتییانەی دروستبوونی ململانێ

**لەبری ئەوەی خێرایی با کەم بکەیتەوە،ماڵەکەی خۆت پتەو بکە**

مێژوو لە غەیری ململانێی نێوان چینەکان شتێکی تر نییە، ئەمە مارکس وتوویەتی. لەم وتەزایەدا هەم حەتمییەت هەیە، هەم بزاوت و جووڵە. چ حەتمییەت و چ جووڵە رێکەوتکرد نین، بەڵکو بەرهەم و دەرەنجامی تەفاعول و پەیوەندی جۆراوجۆر و کارتێکەریی نێوان توخمە بونیادییەکانی کۆمەڵگایە لە شوێنکاتدا.

ئەم پەیوەندییانەش لۆژیکی بابەتیی و خودی و بەپێی زەرووڕەت تەحەکومی پێوە دەکەن. کەواتە ململانێ بە لۆژیکی بابەتی و خودیی مەحکوومە و لە جۆری پەیوەندی دیالیکتیکانەی نێوان هێزە

کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەرجەستە دەبێت. مەرجگەلێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی دروستی دەکەن کە لەناو مێژوودان نەك لە دەرەوەی مێژوو. واتە لە شوێنکاتدان و تا ئەو رادەیە درێژ دەبنەوە کە مەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کولتوورییەکان نەگەیینە بنبەست و سەرهەڵدانی قەیران.

قەیران حاڵەتی بە بنبەست گەیشتنی ململانێی هێزە کۆمەڵایەتییەکانە کە بۆ گۆڕان کێبرکێ دەکەن. هۆکارە بونیادییەکان تا ئەو رادەیە کاریگەریی یەکلاکەرەوەیان لەسەر رەوتی ئەم ململانێیانە دادەنێن کە چیتر بوارێك نامێنێ ئەم هێزانە جگە لە پیاهەڵشاخانی نێوانیان رێگەیەکی دیکە بۆ پەیڕەویکردنی ململانێی نێوانیان هەڵبژێرن.

بە واتایەکی دیکە هەرچەندە ململانێ دیاردەیەکی کۆمەڵگاکردە و خەسڵەتێکی بنەڕەتییە لەچوارچێوەی جۆری پەیوەندی نێوان هێز و دەستگا کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام لە هەموو کات و سەردەمێکدا و لەژێر کاریگەرییەکانی هەموو هۆ و مەرجەکاندا ناگاتە ئەو ئاستەی ببێتە ململانێی یەکتربڕی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو تا ئەو قۆناغە کاریگەریی هۆکارە بونیادییەکان لەوەدایە کە ئەو هێزانە کۆبکەنەوە و چەندین شێوازی دیکەی ئاسایی و وەکوو جۆرێك لە کێبڕکێ لە نێوانییاندا دروست بکەن، تەنانەت لە کایەی سیاسیدا

بەهۆی  خاڵ و بەرنامە و ئامانجە هاوبەشەکانەوە لەناو بازنەی هاوپەیمانیدا کۆیان دەکەنەوە.

هاوپەیمانێتی لە بنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی تەبایی کۆمەڵایەتی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکانیشە کە توێژ و چینە کۆمەڵایەتییە بەیەك ناکۆکەکان لە سەردەم یان قۆناغی دیاریکراودا وەك یەك هێزی **"نەتەوەیی"** یان **"نیشتمانیی"** گرد دەبنەوە و ئەرکەکانی ئەو قۆناغە پێکەوە تەواو دەکەن. لەم کاتانەدا هەر هێزێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی بیەوێ ئیرادەگەرانە ململانێی نێوان هێزە تەباکان یان هێزە هاوپەیمانەکان وەرچەرخێنێ بۆ ململانێیەکی یەکتربڕانە، ئەوا ئەو هێزە بە ئەنقەست قەیران دەخولقێنێ و شڵەژانێك لەناو کۆمەڵگادا بەرپا دەکات.

ململانێی سیاسی بەرهەمی ململانێی کۆمەڵایەتییە، واتە لە ناو کۆمەڵگادا لەژێر کاریگەرییەکانی جووڵەی ئابووری و یەکتربڕینی کولتووریی لە نێوانی کولتوورێکی هەبووی نەریتیی کە بۆتە تەگەرە لەبەردەم نوێبوونەوەی شێوازی ژیان لەلایەك و لەلایەکی دیکەش کولتوورێك کە دەیەوێ دروست بێ و ببێتە پێشەنگی دروستبوونی شێوازێکی نوێی ژیان، هێزی کۆمەڵایەتی دژ بەیەك و ناکۆك دروست دەبن و دەکەونە ململانێ لەگەڵ یەکدا.

ئەم حەقیقەتە ئارەزوومەندانە و ئیرەداگەرایی نییە، واتە بە ئیرادەی کەسێك یان تەنانەت گروپێکیش دروست نابێ، بەڵکو چەردەیەك هۆکار و مەرجی بابەتییانەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لە پشتە کە لە ماوەیەکی زەمەنی بەرچاودا وردە وردە کەڵەکەبوون.

بە واتایەکی دیکە هۆکار و مەرجەکان لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی چەندایەتییەوە، دینامیکییەتی چۆنایەتیی بۆ گۆڕان دروست دەکەن. کە هێزی کۆمەڵایەتی باو یان سەردەستە ئامادە نەبوو لەگەڵ کاروانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ڕێ بکات و بەرەنگاریی کرد، ئەوسا دینامیکییەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کۆهێزی کۆمەڵایەتی نوێ دروست دەکات و دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ هێزە نەریتییە موحافیزکارەکان.

لە قۆناغی رزگاریی نیشتمانیدا، سەرقافڵەی ئەم ململانێیە هێزە رزگاریخوازە نیشتمانییەکانن بەرامبەر داگیرکار و حکومەتە شمولییەکان. لە قۆناغی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییدا، هێزە دیموکراتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانن بەرامبەر هێزی شۆڤێنیی و رەگەزپەرست و هێزی نەریتیی کۆمەڵایەتیی.

پێچەوانەی ئەم ململانێیە لەپێناوی **"گۆڕین بەرەو پێشەوە"**، ململانێیەکی دیکەش لە ئارادایە بە هەمان لۆژیك بەڵام لەپێناوی

**"گۆڕین بەرەو دواوە"**. هەڵبەت لەم ناوچەیەی ئێمەدا سەرقافڵەی ئەم ململانێیە دوو رەوتی سەرەکین، **یەکەمیان: هێزە نەتەوەییە رەگەزپەرستەکانن. دووەمیان: هێزی ئیسلامی سیاسیی ئسوڵیی رادیکالە.**

لەدەرەوەی ئەم دوو شێوازەی ململانێ کە یەکجار ئاڵۆز و کردەنییە و کاریگەریی کولتوور و هەموو پێکهێنەرەکانی دیکەی بونیادی کۆمەڵگا بەشداری تێدا دەکەن، هەر چەشنە ململانێیەکی دیکە ململانێی بەزۆر **"دروستکراوە"**، ململانێیەکی ئیرادەگەرانەیە و لەبەرخاتری دەستکەوتێ یان بەرژەوەندییەکی تایبەت یان بەهۆی نارەزایەتییەکی زۆر دیاریکراوەوە یان لە ئەنجامی پەرچەکردارێکی دیاریکراوەوە ئیفتیعال کراوە.

ئەو جۆرە ململانێیانە، زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی راستەقینە و بابەتییان نییە و هێزێکی کۆمەڵایەتیشیان لە پشتەوە نییە. بۆیە دەرەنجام پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتیش تەرح ناکەن، بەڵکو لەوە تێپەڕ ناکەن کە هەندێ داواکاری رۆژانە گەورە دەکەن و وەکوو بابەتگەلێکی چارەنووسساز دەیخەنە روو، لە کاتێکدا ئەو داواکارییانە هەر رێکخراوێکی "کۆمەڵگای مەدەنی" دەتوانێ رووبەرووی حکومەتیان بکاتەوە بۆ چارەسەر کردن.

# پۆلبەندیی سیاسی و دروستبوونی بەرهەڵستکاری سیاسی

پۆلبەندی سیاسی دروستبوونی پۆلە سیاسییەکانە لە شوێنکات و بەپێی مەرجگەلێك کە لێکنزیکیی بیروبۆچوون و بەرنامە و جیهانبینی و بەرژەوەندییەکان بنەمایەتی. لە رووی هۆکارەوە پرۆسەیەکە پێویستیی مێژوویی دەیهێنێتە ئاراوە. لە رووی پێکهاتەی سیاسیشەوە یان **(پۆلبەندیی چینایەتی)** دروست دەبێ، یان **(پۆلبەندیی نیشتمانیی)** یان **(پۆلبەندیی ئایینیی و تایفیی)**.

لەبەرئەوەی کۆمەڵگای کوردستان قۆناغی دەرەبەگایەتی تێنەپەڕاندووە و نەچۆتە قۆناغێکی بالاْترەوە. هەروەها هەموو خەسڵەت و بەهاکانی قۆناغی دەرەبەگایەتی فڕێ نەداوە و هەموو بەهاکانی قۆناغێکی بالاْتریشی وەرنەگرتووە، بۆیە تا ئێستا جیابوونەوەی چینایەتی ( فرز طبقي ) لە کۆمەڵگای کوردستاندا روویندداوە، بەو هۆیەشەوە پۆلبەندی چینایەتیش دروست نەبووە.

دەرکەوتەیەکی سەرەکی ئەم دەورانە تەنیا ئەوەیە کە زۆرینەی خەڵك لە سەروو هێڵی هەژاری تا ژێر هێڵی دەوڵەمەندی دەژین، کەمینەیەکی زۆر کەمی کۆمەڵگا هەژاری پەراوێزخراوە و کەمینەیەکی زۆر کەمیش لەسەروو هێڵی دەوڵەمەندییەوە دەژی. ئەمەش لە رووی

زانستییەوە ناکرێ وەك پۆلبەندیی کۆمەڵایەتی ئەژمار بکرێ چونکە ئەوانە هیچیان خەسڵەت و تایبەتمەندی و ماکی چینایەتییان نییە، بەڵکو **گردبوونەوەی کۆمەڵایەتین "تجمع اجتماعی".** بەپێچەوانەی چینی کۆمەڵایەتییەوە، ئەم گردبوونەوانە ئەوەندەی وزەی کۆبوونەوەیان تێدایە ئەوەندەش وزەی لەبەریەکهەڵوەشانەوەیان تێدایە بۆیە ناتوانێ وەك چین فۆرمەلەبن.

هەروەها لە کۆمەڵگای ئێمەدا بزاوتێکی کۆمەڵایەتی بەهێز هەیە و تاکەکانی کۆمەڵگا لە نێوان ئەو گردبوونەوانەدا دەجولێن و بەو هۆیەشەوە رەگەزە کۆمەڵایەتییەکانی هەردووکیان بەردەوام دەگۆڕێن، بە گۆڕانی رەگەزەکانیشیان ماك و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانیان دەگۆڕین، ئەمەش مانای وایە کە هوشیاریشیان دەگۆڕێ.. واتە کولتووریشیان بەردەوام دەگۆڕێ.. واتە هۆکارەکانی گردبوونەوە و لێکهەڵوەشانەوەشیان بەردەوام دەگۆڕێن و ئەوەی ئەمڕۆ هۆکاری گردبوونەوەیانە، سبەی دەبێتە هۆکاری لێکجیابوونەوەیان.

لەبەر ئەوەی کوردستان رووبەڕووبووە لەگەڵ مەسەلەیەکی نیشتمانیدا کە بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازیی دیموکراتی بەرهەمهێناوە و ئامانجەکانی لە ئامانجە دیموکراتییەکانی رزگاری و دابینکردنی مافەکانی

گەلی کوردستاندا چڕ کردۆتەوە بۆیە هێزی ئەم بزووتنەوەیە هێزی گردبۆوەی هەموو پێکهاتەکانی ئەم گەلە بووە، لەبەر ئەمە هەمیشە پۆلـبەندی یان پۆلـبەندی سەرەکی و بەرچاو و کاریگەریی سیاسی ناو کۆمەڵگای کوردستان پۆلـبەندیی نیشتمانیی کوردستانیی بووە کە گوزارشتی لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاییني و ئاینزا و تایەفە جیاجیاکان کردووە.

لە لایەکی تریشەوە، لەبەرئەوەی  لە کوردستاندا جۆرێك لە سروشتی نەتەوەیی و ئایینیی هەیە توانای پێکەوە ژیان و پێکەوە هەڵکردنی مێژوویی لە نێوانی ئاین و ئاینزا جیاجیاکان و نەتەوە و ئینتیما نەتەوەییە جیاجیاکاندا هەیە، سەرەڕای هەندێ رووداو، یان دەرکەوتەی چەوسانەوەی دیاریکراوی زۆر سنووردار، ئەگینا گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی پەیڕەوکراو بۆ سەقامگیری و تەبایی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا هەبووە و تا هەنووکە درێژەی هەیە کە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی پاراستووە و دەرەنجام تاکو ئێستا لە ئاستی زۆر بچووك و ناکاریگەر و کاتیدا نەبێ ئەگینا هیچ پۆلـبەندی یان پۆلـبەندییەکی ئایینی یان تایفی دروست نەبووە.

تا ئەو کاتەی حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان یەکەمین مۆدێلی ئەم پۆلـبەندییەیان هێنایە ناو کۆمەڵگای کوردستانەوە و ئەحزابیان لەسەر

بنەمای ئیسلامیبوون و خۆ جیاکردنەوە لە ئاینەکانی دیکە و لە پێناوی پەیڕەویکردنی شەریعەتی ئبسلامی بەسەر موسڵمانان و غەیری ئەوان لە ئایینەکانی دیکەدا دروستکرد.

بەواتایەکی دیکە حزبە ئیسلامییەکان حزبیان تەنیا بۆ موسڵمانەکانی کوردستان دروستکرد و ئامانجیشیان تەنیا بەرپاکردنی دەسەڵاتی موسڵمانەنە. تەنانەت لەناو موسڵمانانیشدا ئەم حزبانە حزبی جۆرێك لە موسڵمانانن. واتە جگە لەوەی جیاکاریی و پۆلبەندیی سیاسییان لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا لەسەر بنەمای موسڵمانێتی و غەیری موسڵماندا دروستکرد، هەروەها پۆلبەندیی موسڵمانێتیشیان لە ناو خودی موسڵمانەکاندا دروستکرد.

بنەمای ئەم پۆلبەندییەیان ئەوەیە کە ئەو موسڵمانانەی هاتوونەتە ریزەکانی ئەمانەوە و ئەوانەی لەدەرەوەن. ئەندامەکانی ئەم حزبانە موسڵمانی تەواون، ئەوانی دیکە کێماسی لە ئیمانیاندا هەیە و ئەرکی موسڵمانە تەواوەکانە کە ئەوانی دیکە سەرلەنوێ بکەنەوە بە موسڵمان. ئەم پۆلبەندییە ناوخۆییە لە نێوانی موسڵمانەکاندا تا رادەی جیاکاریی و پۆلبەندی لە سەروسیما و رەفتاریشدا ووردکراوەتەوە. ئەوانەی سەر بە حزبە ئیسلامییەکانن، جۆری ریش و سمێڵیان، جلوبەرگیان، درێژی و کورتیی پانتۆڵ و شەڕواڵەکانیان، جۆری

وەستان و دەست لەسەر کەمەردانانیان و لنگ کردنەوەیان لەکاتی نوێژکردندا تەواو جیاوازە لە خەڵکی موسڵمانی **"رەمەکی"**.

لەسەر ئاستی نەتەوەییش، حزبی نەتەوەیی ئاشووری یان کلدانی یان تورکمان هەن بەڵام پۆلبەندییان لە دژی کورد نەکردووە و خۆیان لە کورد و نیشتمانی کوردستان جیانەکردۆتەوە و ناشیانەوێ تایبەتمەندیی خۆیان بسەپێنن بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە جەخت لەسەر پۆلەندی سەرەکی کە پۆلبەندی نیشتمانیی کوردستانییە دەکەنەوە، لەپێناوی کوردستانی هەمووان، کوردستانی ئاشتەوایی و تەبایی کۆمەڵایەتی.

کەواتە کە باسی پۆلبەندی دەکەین مەبەست لە پۆلبەندی نیشتمانییە کە لەسەر بناغەی ئەرك و ئامانجە نیشتمانییەکان بەگشتی و لە قۆناغی رزگاری نیشتمانی و دوای ئەویش لە قۆناغی ئینتیقالیدا دروست دەبێ.

لە دوای راپەڕینی 1991ەوە کە ئیتر قۆناغی خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتی و چالاکی سیاسیی نهێنی کۆتایی هات، شار و ئاڵۆزییەکانی، حوکمڕانییەتی و ئاڵۆزییەکانی، ململانێی دەسەڵات و ئاڵۆزییەکانی وایان لە حزبەکانی کوردستان دەخواست کە خۆ

بگۆڕن، خۆ بگونجێنن، خۆ نوێکەنەوە بۆئەوەی لەگەڵ ئەو واقیعە نوێیەدا هەڵکەن و کار بکەن.

لەسەرووی حزبەکانیشەوە و لەوانیش گەورەتر و فراوانتر ئەو واقیعە نوێیە کۆمەڵگایەکی نوێشی دەخواست کە بتوانێ پۆلبەندییەکی نوێ بۆ هێزەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بکات، هەروەها جیاواز لەوەی قۆناغی تێکۆشانی شۆڕشگێڕایەتی دروستی کردبوو، پۆلبەندیی هێزە سیاسییەکان بکاتەوە.

بۆ تێگەیشتن لە گۆڕان تەماشای بڕی گۆڕانەکە و ئاراستەکەی دەکەین، یان بڕکەی بەراورد دەکەین بە چۆنێتییەکەیەوە. جا سروشتی هەموو کۆمەڵگایەکی نەریتییە کە بە درەنگەوە و بە هەنگاوی خاو دەگۆڕێ، بۆیە ئاساییە کە ببینین رادەی گۆڕان لە کۆمەڵگای کوردستاندا کەمە، خاوە، چۆنێتییەکەشی پێوەریی (قیاسی) نییە.

روویەکی دیکەی گۆڕانی کۆمەڵگا نەریتییەکان ئاراستەکەیەتی واتە گۆڕانە بۆ باشتر یان پێچەوانەیە. ئیشکالییەتی کۆمەڵگا نەریتییەکان ئەوەیە کە خۆی دژی گۆڕانی بەرەوپێشچوو دەوەستێتەوە و رێگە نادات گۆڕان لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا بکرێ، بۆیە خۆی دەبێتە لەمپەر لەبەردەم گۆڕاندا. بە شێوەیەکی زۆر تایبەت لە کایەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەها و نەریتە باوەکان و پێگەی

کۆمەڵایەتی نێر و مێ و ئاست و جۆری بەشدارییان و رۆڵی ئایین لە شێوازی ژیاندا. هەر بەم پێوانەیە دەکرێ بڵێین تا رادەیەکی کاریگەر کۆمەڵگای خۆمان وەك کۆسپ لەبەردەم گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەڵتۆقیوە.

ئەم سروشتە لە هەنگاوی خاو و کۆسپنانەوە لەبەردەم پرۆسەی گۆڕاندا وا دەکات رۆڵی کۆمەڵگا لە سەرلەنوێ پۆلبەندیکردنەوەی هێزە سیاسییەکان و هێزە مەدەنییەکانی گۆڕانیشدا رۆڵێکی نەرێنی بێت و تەنانەت لە دەورانی دیاریکراودا رێگە بە سەرهەڵدانی جۆرێك هێزی سیاسی و مەدەنی دەدات کە گوزارشت لە هوشیاریی میللیگەرایی( شعبوی- پۆپۆلیزم) دەکەن نەك گوزارشت لە زەروورەتێکی راستەقینەی گۆڕان.

ئەمجۆرە کۆمەڵگایانە خۆیان گۆڕانی بونیادییانە رەت دەکەنەوە و ئەوەی دەیانەوێت هەندێ گۆڕانی رووکەشانەیە لەسەر سەتحی گوزەران و دەستکەوت و شتی لەمجۆرە، بۆیە رێگە بە سەرهەڵدانی بزاڤە کاتییە میللیگەراکان دەدەن، کەچی رێگری لە بزووتنەوە گۆڕانخوازە راستەقینەکان دەگرن.. ئەوەی ئێستا لە کۆمەڵگای ئێمەدا روودەدات تا رادەیەکی بەرچاو ئەم حاڵەتەیە و ئەو هوشیارییەی جەماوەر دەبزوێنێ ناکرێ وەك هوشیارییەکی زانستانە کە بونیادی

کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی تێدەگات بناسێنرێ، بەڵکو ناچارانە دەبێت ناوی راستەقینەی خۆی لێبنێین کە **(هوشیاری ساختە-وعی زائف)ە.**

بەم هۆیەوە لەلایەکەوە کۆمەڵگاکەمان تا رادەیەك رۆڵی لە دواکەوتن یان شێواندنی پۆلبەندی سیاسی و مەدەنیدا هەیە کە دەبوایە لە دوای راپەڕینەوە تا ئێستا رووی بدایە، لەلایەکی تریشەوە رۆڵی نەرێنییە لە دروستبوونی هێزی کۆمەڵایەتی نوێ کە کار بۆ گۆڕانی بونیادیی دەکەن و لەجیاتی ئەوە هانی سەرهەڵدانی هێزی لاوەکی و کاتیی دەدات کە هەڵگری هوشیاریی و دروشمی میللیگەراییین.

کەواتە هێشتا ئیشکالییەتی بەرهەڵستکاریی لە هەرێمی کوردستان یەکلانەبۆتەوە، بەڵام تا رادەیەك هەڵگری تایبەتمەندی خۆی و خەسڵەتگەلێکی تایبەتە کە پێویست دەکات لێیان وردبینەوە.

## ئیشکالییەت و خەسڵەتە سەرەکییەکانی بەرهەڵستکاریی

بۆ کۆمەڵگایەکی وەکوو کۆمەڵگای ئێمە کە لەناو خۆڵەمێشی داگیرکاریی و دیکتاتۆرییەتەوە هەڵساوەتەوە، سەرهەڵدانی بەرهەڵستکاریی دیاردەیەکی ئاساییە و کەس نکولی لێناکات، چونکە

کۆڵەگەیەکە لە کۆڵەگەکانی سستمی دیموکراتی و گوزارشتێکی زیندووە بۆ کۆمەڵگاکەمان کە کۆمەڵگایەکی زیندووە و بزاوتی کۆمەڵایەتیمان نەوەستاوە.

ئەم دیاردە ئاساییە لە قۆناغی ئینتیقالیدا بایەخ و گرنگیی زۆرە، چونکە قۆناغی ئینتیقالیی سیاسی، قۆناغی ئینتیقالیی کولتوورییشە کە کۆمەڵگا سەرلەنوێ کۆهوشیاری خۆی دادەڕژێتەوە و کولتووری ملکەچی و شێوێنراو دەگۆڕێ بۆ هوشیارییەکی چالاك و ئۆرگانیی. کولتوورێك کە کار دەکات و کاریگەرییش جێدەهێڵێ، بڕوای بەوەیە کە بڕوای پێیەتی و ئەوەیشی بڕوای پێی نییە قبوڵی دەکات چونکە رای کەسانی دیکەیە و دەبێت رێزیان لێبگرێ.

لەم قۆناغی گواستنەوەیەدا گەلان دووچاری کێشە و گرفتی گەورە و کۆسپی رێگر و ئاریشەی بونیادیی دەبنەوە کە هەریەکەیان لە ناو توخمە بونیادییەکانی کولتووری کۆمەڵایەتیدان. بۆیە نیشانەکانی بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵایەتی دژی گۆڕان دەردەکەوێ. پەیدابوونی ئەم بەرەنگاربوونەوەیە حاڵەتێکی هاوێردە نییە، بەتایبەتی ئەگەر بڕوامان بەوە بێ کە کۆمەڵگا نەریتییەکان ئەستەمە بەئاسانی گۆڕان قبوڵ بکەن. بەڵکو بەپێچەوانەوە بەرەنگاریی بزووتنەوەی گۆڕانکاری دەکەن لە هەر کوێیەکەوە بێت، بەشێوەیەکی زۆر تایبەتیش رووبەڕووی ئەو

تەوژمانەی گۆڕان دەبنەوە کە دەیانەوێ چەمك و بەها و نەریتە باوەکان و توخمەکانی دیکەی بونیادیی کولتوور بگۆڕن.

لەم حاڵەتی پێکدادانەدا، نابێ هێزەکانی گۆڕان توندوتیژانە بەرپەرچی شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەرەنگاربوونەوە و بەرهەڵستیی بدەنەوە، تەنانەت نابێ سەرکۆنە یان دەمکوتیان بکەن، بەڵکو دەبێت ئەم ململانێیە بەشێوەیەکی دیموکراتیی ئیدارە بدەن و بە ئاراستەیەکیدا ببەن کە خزمەتی هەمەرەنگیی و پێشکەوتن بکات و بەرە لەژێر پێی ئەو هێزانە دەربهێنن کە بوونەتە کۆسپ لەبەردەم پێشڤەچووندا، هەروەها بەرە لەژێر پێی ئەو هێزانەشدا دەربهێنن کە دەیانەوێ بەدکارانە سوود لە سەرهەڵدانی ئەم دیادەیە وەرگرن و کارو کاردانەوەکانی حکومەت دەکەنە بەهانە بۆ هەراوزەنا و وێنەکە لەبەرچاوی خەڵك دەشێوێنن و وای لێدەکەن کە ئەمان قوربانین نەك توخمێك لە توخمەکانی دواکەوتوویی کۆمەڵگا و میکانیزمێك لە میکانیزمەکانی گەڕانەوەی کۆمەڵگا بۆ رابردوویەك هەرگیز ناگەڕێتەوە.

هەموو ئەم پێشەکییە ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە بەرهەڵستکاریی کردارێکی ئیرادەیی نییە بە بڕیاری کەسێك یان حزبێك دروست بێ. بەرهەڵستکاریی پێویستییەکی مێژوویی کۆمەڵایەتییە، لەسەر زەوینەیەکی سیاسی بابەتیی دروست دەبێ کە هەموو ئەو مەرج و

پاڵنەر و هاندەرانەی تێدایە کە بەرهەڵستیی بەرهەمدەهێنن و بەرهەڵستکاران دروست دەکەن و ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتییانەیان لە دەور کۆدەکەنەوە کە بەرژەوەندییان لەگەڵ بەرژەوەندی ئەواندا وێك دێتەوە و دەیانگۆڕن بۆ هێزێکی کۆمەڵایەتی گۆڕانخواز.

بەواتایەکی دیکە بەرهەڵستکاری یان پەرچەکردارێکی مێژووکرد و کۆمەڵگاکردە بەرامبەر دیکتاتۆرییەت و داگیرکاری و ژێردەستەیی و چەوسانەوە، یان رێك بە پێچەوانەوە، بەرهەڵستکاریی وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، میکانیزمێك لە میکانیزمەکانی سستمی دیموکراسی دەبێت و لەو سستمەوە شەرعییەتی خۆی وەردەگرێ و لەناو ئەو سستمەشدا و وەك بەشێك لەو سستمە کار و چالاکی دەکات تا ئەو رادەیەی مافی وەرگرتنی دەسەڵاتی هەیە.

کە بەرهەڵستی و بەرهەڵستکاریی دەبێتە پیشە و دەستکرد، یان دەبێتە کردارێکی ئیرادەیی، هۆکار و مەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسییە بابەتییەکان ون دەکات. ئەو مەرجگەلەشی لەدەستدا واتە شەرعییەتیش لەدەست دەدات و ئیتر ناتوانێ ببێتە دەمڕاستی هیچ توێژێك یان چینێکی کۆمەڵایەتی، واتە ناتوانێ ببێتە هێزێکی کۆمەڵایەتی. ئەگەرچی لەماوەیەکی دیاریکراودا ئەستێرەی ئەم جۆرە بەرهەڵستکارییە زۆر دەدرەوشێتەوە و لەرادەبەدەر دەردەکەوێ، بەڵام

لە نزیکترین تاقیکردنەوەی بەڕێوەبردنی حکومەت و یەکتربڕینی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵکدا، وەرەقە شاراوەکانی ئاشکرا دەبن و گەندەڵییەکانی دەماودەم دەکەن.

گەلی کوردستان و پرۆسە سیاسییەکەی لەم رۆژانەدا رووبەڕووی ئەم ئیشکالییەتە بۆتەوە. بەرهەڵستییەك دروست بووە باشە هەوڵ بدەین لە رێی دەستنیشانکردنی گرنگترین خەسڵەتەکانییەوە، لە سروشت و ناسنامەی ئەم ئیشکالییەتە تێبگەین.گر نگترین خەسڵەتەکانی ئەم ئیشکالییەتە، بریتین لە:

## 1 - ئیرادەیی:

بەرهەڵستییەکە لەدایکبووی ئیرادەییەکی ناواقیعی و ناکۆمەڵایەتییە. پاکگراوندیٚ هەندێکیان ناکۆکی ناسیاسییانەی تاکەکەسییە لەناو پێکهاتەی حزبیدا لەسەر دەسەڵاتڕۆیی و پارە. هەندێکی دیکەیان فۆکس لەسەر وروژاندنی نەعەراتی ئایینی و بزواندنی هەست و نەستی ئیسلامیی دەکەن لە کۆمەڵگای کوردستاندا. ئەم دوو تەوژمە سەرەڕای ناکۆکی و جیاوازیی نێوانیان، بەڵام هەردووکیان پەشتئەستوورن بە ئایدیۆلۆژیای میللیگەرایی **(پۆپۆلیزم)** کە دواتر باسی لێوە دەکەم.

ئەوەی زیاتر جێی سەرنجە ئەوەیە کە بەشێکی بەرچاوی ئەم بەرهەڵستکارە نەك هەر ئیرادەییانە بڕیاری داوە بەرهەڵستکاربێ، بەڵکو لە خولی مەشقپێدان و ۆرك شۆپدا فێرکراون ببنە بەرهەڵستکار **(ڕێکخراوێکی ئەمریکیی خولێکی مەشقپێدانی بۆ چوار حزبی کوردستانی – یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و باڵی قادر عەزیز لە حزبی زەحمەتکێشان و حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان کردەوە بۆئەوەی فێربن چۆن دەبنە بەرهەڵستکار).**

بەشێکی دیکەش **(باڵی نەوشیروان مستەفا لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بە نموونە)** لە ناوخودی حزبەکەیەوە دەستی پێکرد، بەڵام دواتر لە دەرەوەی حزبەکەی لەرێی کۆمپانیایەکی میدیاییەوە پرۆژەیەکی سیاسی گشتگیری بەرهەڵستکارانەی هێنایە ئاراوە.

ئەوانی پێش ئەم حزبی سیاسی بوون و هەر بە هەمان پەیکەریی ڕێکخراوەیی خۆیانەوە بوونە بەرهەڵستکار، بەڵام ئەمیان خۆی بەشێکی بڕیار بەدەستی حزبێکی سەرەکی حوکمڕان بوو، لە پاشی چارەسەرنەکردنی کێشە ناوخۆییەکانی حزبەکەی و شکستهێنانی ئەو ڕێوشوێنانەی لەناو پەیکەری حزبەکەدا بۆ چارەسەر گیرانە بەر، ئەم باڵە، شکستی ریفۆرمی حزبەکەی خۆی خستە ئەستۆی **"گەندەڵی و ناموئەسەساتی حکومەتی هەرێم"!!**، بۆیە پرۆژەکەی لە پرۆژەی

**"ریفۆرمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان"**ەوە گۆڕی بۆ پرۆژەی **"گۆڕینی سستمی سیاسی"** لە هەرێمی کوردستاندا.

لەبەرئەوەی ئەم پرۆژەیە بەشێکی نارێکخراو بوو لە رێکخراوێکی سیاسیدا و نەشیدەویست لە پەیکەری ئەو رێکخراوە دابپچڕێ چونکە بنکە فراوانە جەماوەرییەکە و توانا دارایی و ماددی و رێکخراوەییەکان لەوێ بوون، بۆیە تەنانەت دوای دووساڵ لێکترازانیش، ئەم باڵە حزبێکی نوێ یان رێکخراوێکی نوێی رانەگەیاند، بەڵکو وەکوو کۆمپانیایەکی میدیایی دەستی بەکارکرد و لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانیشدا کە ئیتر ئومێدبڕاوبوو لەوەی کەڵك لە پەیکەری حزبەکە و بنکە جەماوەرییەکەی و توانا دراییەکانی وەرگرێ بۆ پرۆژە سیاسییە "جیاوازەکەی"، بە ناچاری لیستێکی بۆ هەڵبژاردن راگەیەند کە هێشتا نازانرێ دوای هەڵبژاردن (دەرەنجامەکان هەرچییەك بن) ئەم لیستە چی بە سەر دێ؟!

ئەم نارۆشنییە لە دەستپێکیدا، لە پرۆژەی ریفۆرمی ناوخۆیی حزبێکەوە بۆ پرۆژەی گۆڕینی سستمی سیاسی گشتی.. پاشان نارۆشنیی لە تەحویلبوونی لە پرۆژەیەکی میدیاییەوە بۆ پرۆژەیەکی سیاسی.. نارۆشنی لە پەیکەرەکەیدا، لە داهاتوویدا وامان لێدەکات بلێین ئەم باڵە ئیرادەگەرترین بەرهەڵستکارە لە هەرێمی کوردستاندا.

## 2- وەرزێتیی:

واتە کاتی وایە زۆر پەرە دەگرێ و کاتیش هەیە دادەمرکێتەوە. بۆ نموونە، ئەوەی جێی سەرنجە هەمیشە لەو کاتانەدا کە حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسی دووچاری کێشە وگرفت دەبن لەگەڵ بەغدادا، یان دەکەونە ژێر فشاری ئیقلیمییەوە، ئەم بەرهەڵستییە پەرگیرتر دەبێ.

## 3- رووداوێتیی:

بەرهەڵستییەکە بەرنامەی سیاسی روون و زولاڵی نییە، بەڵکو بەپێی رووداوەکان تەرحی هەیە و سواری شەپۆلی رۆژگار و تەوژمی نارەزایەتی میللی دەبێت.

## 4- هەستبزوێنیی:

بەرهەڵستییەکە کەمتر لەسەر بنەمای جیهانبینی و بەرنامەیەکی ئاراستەدارێژراوی ئایندەبین کار دەکات. بە پێچەوانەوە زیاتر پشتئەستوورە بە گەمەکردن بە هەستی خەڵك. لەلایەکەوە لە مەسەلە

چارەنووسسسازەکاندا، لەلایەکی تریشەوە لە مەسەلەکانی رۆژ و گوزەراندا لەسەر ریتمی ورووژاندنی هەستی جەماوەر دەژەنیٚ.

زوربەی ئەو قسانەی بەرهەڵستکاران دەیکەن، چەند ساڵێك بوو لە هەندیٚ رۆژنامە و سایتدا دەوتران. لەو جێیانە رەخنەی سیاسی بە شێوازی تانەو تەشەر و جنێودان دەگیرا. پاشان هەندیٚ لە شێوازەکەی گۆڕدرا، دەنا هەمان ئەو رەخنانە لەسەر زاری ئەحزاب و کەسایەتی سیاسی بیستران. لەو کاتەدا ئەو پرسیارە هاتە ئاراوە کە ئایا کامیان پێشتر بوون؟ ئەوەی لەو سایت و رۆژنامانەدا دەنووسران، یان ئەمەی ئەم حزبانە؟

ئەگەر ئەوەی ئەوان پێشتر بووە، ئەوە کارەساتە کە حزبی سیاسی و چەند کەسێك کە بەدرێژایی چەندین ساڵ هەر لە سەرکردایەتیدا بوون ببنە پاشکۆی سایتنووسان و چەند نووسەرێکی نەناسراو کە زوربەی هەرە زۆریان خەڵکانی بیٚ ئەزموونن لە بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا و تەنانەت ژمارەیەکیش نین لەناو ژمارەکاندا.

خۆ ئەگەر ئەو شێوازە پڕ لە جنێو و شەڕانگیزەی لە هەندیٚ رۆژنامە و سایتدا هەر ئەمانی لە پشتەوە بوون و سەرەتای بەرهەڵستکارییەکەیان ئەوە بووبیٚ، کارەساتێکی یەکجار گەورەیە کە بەرهەڵستکاریی بەو رادەیە سووك و چروك دەستی پێکردبیٚ

## 5- هەراوزەنایی:

**نەخۆشییەکی درم لە ناوچەکەماندا بڵاوەو بەرهەڵستکارانی (کوەیت، تورکیا، میسر، ئەردەن) بەشێوەیەکی تایبەت دووچاریان بووە. نیشانە سەرکییەکەی ئەم نەخۆشییە، دەنگ بەرزکردنەوەی بەرهەڵستکارە تا رادەی شاتەشات و هەرانانەوە. خەڵکیشیان بەوە راهێناوە کە هەر کەسێ یان هەر حزبێك زیاتر دەنگی بەرز بکاتەوە و شاتەشاتی زیاتر بکات و لەبەردەم دەزگاکانی راگەیاندندا هەرای زیاتر بنێتەوە ئەوە "بەرهەڵستکارێکی باشتر" و چالاکترە.**

**ئەم دیاردە نەخۆشییە لە هەرێمی کوردستان لەلای بەشێك لە "رۆشنبیران" دەستی پێکرد، بەتایبەتیش ئەوانەیان کە لە میدیادا کاردەکەن، ئەمان لە جیاتی ئەوەی راگەیاندنکاربن، خەڵکی خاوەن "را" بوون، رایەکانیان دژی کۆی سستمی سیاسی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵام بەهۆی تاکوتەنیاییانەوە، لەبەرئەوەی خاوەنی پەیکەرێکی رێکخراوەیی سیاسی نەبوون و پێشینەیەکی ئەزموونییان لەو بوارەدا نەبوو، هەروەها لەلایەن خەڵکی کوردستانیشەوە نەناسراوبوون، بۆیە بەناچاری بە سەرەتایەکی زۆر توند و بە هاتوهاوار و دەنگی بەرز دەستیان پێکرد. پاشتر کە ناسران و رۆژانە لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە قسەیان کرد و خەڵکی دیکەش فێربوون لاساییان**

بکەنەوە و تەنانەت وای لێهات کێبڕکێ لەسەر هەرچی زیاتر دەنگبەرزکردنەوە دروست بوو، ئەستێرەی گەشتریش هاتنە گۆڕەپانەکەوە، ئیتر پاشگەزبوونەوە لەم شێوازە بووە مەترسییەکی جدی لەسەر پەیڕەوانی.

بۆیە نەك هەر درێژەی پێدرا، بەڵکو درمەکە بۆ زۆر ئاستی دیکەش گواسترایەوە و تەنانەت لە قۆناغێکی دیاریکراودا دووچاری هەندێ ئەندامی پەرلەمان و بەشێك لە چالاکوانانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش بوو.

## 6- رابردووژێنەرەوە:

بەرهەڵستییەکە وەکوو پێویستییەکی براگماتییانە، بۆ تەرحە سیاسییەکانی ئێستای، رابردوو وەکوو خۆی دەژێنێتەوە و لە هاوکێشە سیاسییەکاندا ئامادەی دەکاتەوە. کاتێك باس لە حکومەتی فیدراڵ دەکات لە بغدادی ئێستا، وەکوو بلێی هێشتا سەددام لە بەغدا حکومڕانە و بەنیازە هێرشێکی دیکەی کیمیایی و ئەنفال بکاتەوە سەرکوردستان. هەر بەمجۆرەش باسی تورکیا و ئێران و تەنانەت ئەمریکاش دەکات و ڕۆژانی ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەکەی جەزائیر وەکوو خۆی دێنێتەوە بۆ ئێستا و بەوپێیە ئەمریکا هەڵدەسەنگێنێ. ئەم

کارە لەگەڵ حزبە کوردستانییەکانیشدا دەکات کە هەمیشە ئەوان لە رابردوویەکدا باس دەکاتەوە کە وەکوو بڵێی ئێستاش هەر ئەوەیە و دووبارە دەبێتەوە.

## 7- قەیرانخولقێنەر:

بەرهەڵستییەکە لە هیچی نەبوو، تەنیا بۆئەوەی لەبیرنەکرێ و بەردەوام بڵێ ئەوەتا هەم، قەیران و کێشە دەخولقێنێ. لەوانەیە باشترین نموونە ئەوە بێ کە حزبە ئیسلامییەکان دەیکەن. ئەوان گەرچی دەزانن کۆمەڵگای کوردستان کێشەی ئایینیی نییە کەچی لەپێناوی بەرژەوەندییە سیاسیەکانی خۆیاندا، بەجۆرێك بارودۆخەکە وێنا دەکەن وەکوو بڵێی ئاینی ئیسلام لە خەتەرێکی گەورەدایە.

هەرچەندە لە هەرێمی کوردستاندا، هیچ کێشەیەکی ئایینی نییەو هەرگیز هاولاتی بەهۆی ئیمانداریێتییەوە لەلایەن حکومەت و کۆمەڵگاوە دووچاری ئازادان و سەرکوت و خەفاندن نابێ.. هیچ لەکەیەك بەسەر پابەندی کۆمەڵگای کوردستانەوە بە ئایینەوە نییە.. لە تشریعدا بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام بە یەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکانی یاسادانان دانراوە و پەرلەمان پابەندە پێوەی.. حکومەتی هەرێم بایەخ بە پەرەپێدانی شوێنەکانی عیبادەت و خوێندنی

ئاایینی دەدات و رێزی پێبایەن لە ئیمانی خەڵك و پیاوان و زانایانی ئیسلامی دەگرێ.. حزبە عەلمانییەکانی کوردستان رێز لە ئاایینی ئیسلام و هەموو ئاایینەکانی دیکە دەگرن و نە بە گوتار و نە بە رەفتار تەجاوەز لەسەر پیرۆزییەکان ناکەن. کەچی رەوتی ئیسلامی سیاسی بابەتگەلێك دەخولقێنێ بۆ پاساودانەوەی بوونی سیاسییانەی، وەکوو بڵێ ناسنامەی ئیسلامی کۆمەڵگای کوردستان لەبەردەم هەڕەشەیەکی گەورەدایە.

لە هەرێمی کوردستاندا رەوتی ئیسلامی سیاسی بە گوێرەی هەڵوێست لە حکومەت و سستمی سیاسی دابەشە بەسەر چەند ئاراستەیەکدا. ئیسلامییە ئسولێیە رادیکالەکان هەر لە 1995ەوە بەسوود وەرگرتن لەو بۆشاییە سیاسییەی بەهۆی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆوە دروست بوو، خۆیان بەو لایەدا یەکلاکردەوە کە رێنوێنییەکانی ئیسلام لە شەرع و سوننەتدا سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و کارکردن بە شەرعی خوا پتەو و یەکلاکەرەوەن و هەموو بوارەکانی ژیان دەگرنەوە و لەپاڵ عەقیدەدا شێوازێکی ژیان تەرح دەکەن.

ئەم باڵە لە ئیسلامی سیاسی، لەناو شارە گەورەکان و شارۆچکەکانی هەرێمدا چالاکیی **"جیهادیی"**ان لەدژی ئەو شوێن و کەس و حزبانە دەستپێکرد کە بە سەرچاوە و مەڵبەندی کوفریان دادەنان. لە قۆناغێکی تردا پارتی و یەکێتییان تەکفیر کرد و ئەو دوو حکومەتەش

کە ئەم دوو حزبە دایانمەزراندبوون لەگەڵ دامودەزگا رەسمییەکان بوونە جێ نیشانەی هێرشەکانیان. تا لە قۆناغێکی بالآتردا ئەم دەسەلآترۆییە تا ئەو رادەیە پەرگیربوو کە لە تەوێڵە و بیارە و هەندێ ناوچەی ئەو دەڤەرەدا دەسەلآتی خۆیان دامەزراند.

لەبەرئەوەی راستەوخۆ لەم قۆناغەدا لەلایەن رێکخراوی قاعیدەوە سەرپەرشتی دەکران و کاروبارەکانیان رێکدەخرا و هەر لە بناغەشەوە ئەم دەوڵەتۆکەیە لەو ناوچە سەختەدا بەنیازی دروستکردنی بنکەیەك بۆ داڵدەدان و گیرسانەوەی جەنگاوەرە عەرەبئەفغانەکان و موجاهیدنی دیکەی ناوچەکە پێکهێنرا، بۆیە هەر لەسەرەتاوە ژمارەیەك عەرەبی ئسولێی رادیکال کە سەر بەتۆڕی قاعیدەبوون بەشدارییان لە دانانی بەردی بناغەی ئەم دەسەلآتدارێتییەدا هەبوو، لەرێی ئەمانیشەوە شێوەیەك لە شێوەکانی دەسەلآتدارێتی تالێبانیی دامەزرا.

بەپێی رێوشوێنەکانی وەهابییەت و هەندێ سەرچاوەی دیکەی سەلەفی توندرۆ و بەپشتبەستن بەوەی کە هەموو حوکمێك جاهلی و کافرە کە **" لا یحکم بما انزل الله"**، ئەمان رایانگەیاند پارتی و یەکێتی و هەموو عەلمانییەکانی کوردستان کافرن، هەردوو ئیدارەکەی حکومەتی هەرێم کافرن، کافریش حددی لەسەرە و واجیی موسڵمانی بەغیرەت جیهادە لە دژیان.

ئافرەتیان لـە قوتابخانە و دامودەزگاكان دەركرد و گەڕاندیانەوە بۆ ماڵەوە و تەنانەت دەركەوتنیان لـە حەوشی ماڵ یان سەربانەكان بە زینا بۆیان لـەقەڵەم دەدراو دەبوایە قصاص بكرێن. تەلـەفزیۆن و رادیۆ و رێكۆردەر و گۆرانی و هەموو چالاكییەكی هونەرییان قەدەغە كرد و سەرپێچیكەرانیان بە توندی سزا دەدا. هەموو گۆڕ و مەزاری شێخانی نەقشبەندییان هەڵتەكاند.

پاشی زیاتر لـە سێ ساڵ دەسەڵاتڕۆیی، بەشی زۆری ئەمیر و پەیڕەوان و جەنگاوەرانی ئەم دەسەڵاتدارییە لـە لێدانی بنكەكانیاندا لـەلایەن فڕۆكە و رۆكێتە ئەمریكییەكانەوە كوژران، ئەوانەشیان كە دەربازبوون، بەرێی ئێراندا چوونە ناو شارە بەكێشەكانی عێراقەوە و لـەوێ جارێكی دیكە خۆیان رێكخستەوە و بەسەركردایەتی ئەبو مەصعەب زەرقاوی جیهادیان دەستپێكردەوە.

هەرچی تەوژمی ئیسلامی سیاسی نائسولێیە كە خۆیان پێیان خۆشە بە ئیسلامی میانڕەو ناوببرێن، پێیان وایە دەتوانرێ ئیسلام و دیموكراسی پێكەوە هەڵبكەن و بسازێنرێن. بۆیە هەر لـەسەرەتای دەركەوتنییانەوە بەشداری پرۆسەی سیاسی و حكومڕانێتی كوردستانیان كردووە و لـەگەڵ حزبە عەلمانییەكاندا هاوپەیمانێتی جۆراوجۆری پەرلـەمانی و حكومەتی و بەرنامەییان كردووە.

**(یەکگرتووی ئیسلامی)** تەنیا نموونەیەکی زیندووی ئەم تەوژمەیە و بۆ سەلماندنی میتۆدەکەی سەبارەت بە گونجاندنی ئیسلام و دیموکراسیی، دوو مۆدێل دەکاتە سەرمەشقی خۆی، یەکەمیان مۆدێلی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا کە دواجار لەسەر دەستی حزبی داد و گەشە نموونەیەکی تا رادەیەك سەرکەوتووی پێشکەش کردووە. دووەمیان مۆدێلی حزبە مەسیحییە دیموکراتەکانی ئەورووپا.. بەڵام ئەوەی لەم دوو مۆدێلەدا بۆ یەکگرتوو وەك کێشە ماوەتەوە و تا هەنووکە نەیتوانیوە یەکلایان بکاتەوە ئەوەیە:

أ- لە رۆژئاوا گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەدوای رێنیسانس و سەرهەڵدانی سەرمایەدارییەوە، بە ئاراستەیەك پەرەی سەندووە کە لێکدابڕانێکی بنەڕەتی لە نێوانی ئایین و دەوڵەتدا روویداوە و شیاوی گەڕانەوە نییە. لەسەر دەستی دیموکراتە مەسیحییەکانیش ئایین دەسەڵاتی سیاسی وەرنەگرتۆتەوە، بەڵکو لەسەر بنەما چەسپاوەکانی عەلمانییەت و پرینسیپەکانی سستمی دیموکراتی لە نێوانی دوو هەڵبژاردندا حکومەت بەڕێوە دەبەن. بۆیە ئەم مۆدێلە بۆ یەکگرتوو مۆدێلێکی گونجاو نییە و لەگەڵ ئسولە فیکری و خەونە ئایدیۆلۆجییەکانیدا کە لە ترۆپکیدا

دامەزراندنەوەی دەوڵەتی ئیسلامی و گەڕانەوەی خیلافەته نایەتەوە.

ب- لە تورکیا عەلمانییەتی دەوڵەت و سستمی دیموکراسی چەسپاوێکی نەگۆڕە و حزبی دادو گەشە لەسەر ئەو بنەمایانە لە نێوانی دوو هەڵبژاردندا حکومەت بەڕێوە دەبات. واتە لەسەر دەستی ئەمان دەوڵەتی ئیسلامی دانەمەزراوە و سەڵتەنەتی عوسمانی یان خەلافەت نەگەڕاوەتەوە.

ج- پەیوەندی هەناوی لەنێوانی یەکگرتووی ئیسلامی و مەڵبەندی گشتی ئیخوان موسلمین کە تا ئێستاش مەرجەعییەتی سیاسی و فیکری و فقهییە بۆ یەکگرتوو، لە رووی وەلائەوە کێشە بۆ یەکگرتوو دروست دەکات و لە نێوانی وەلائی نیشتمانی و وەلا بۆ ئسلام و هەروەها وەلا بۆ گەڕانەوەی خیلافەت بۆ عەرەب کە پنتەدرەوشاوەیەکی هیوای ئیخوانە، یەکگرتوو دووچاری ناجێگیریی دەکات.

د- لەلایەکی دیکەشەوە ئەو مەڵبەندە گشتییە لە ئسولّی فیکری و فقهی خۆیدا و تەنانەت بە گەڕانەوە بۆ رێنوێنییەکانی رابەران و دامەزرێنەرانی (حەسەن ئەلبەننا و سەید قوتب و ئەوانی دیکە) ناتوانیّ بۆیەکجارەکی خۆی لە ئسولّەکانی تەکفیر و

خۆجیاکردنەوە و خەونبینین بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامییەوە دابڕێ، هەروەها رێی نادات وەکوو حزبی داد و گەشە، ئیسلام لەگەڵ بنەماو پرینسیپەکانی دیموکراسی و عەلمانییەتدا بسازێنێ.

لەنێوانی ئەو دوو تەوژمە ئیسلامییەدا، لە دوای ژمارەیەك ئینشیقاق و لێکترازانی یەك لەدوای یەکی ناو بزووتنەوەی ئیسلامی **(کۆمەڵی ئیسلامی)** وەك تەوژمێکی جیا دروستبووە. ئەم تەوژمە لە هەناویدا **"دووڕەگ"**ە. لەلایەکەوە هەموو رەگ و رێشە فیقهی و فیکری و ئایدیۆلۆجییەکانی بەستراونەتەوە بە ئسولێیەتی رادیکالەوە، لەلایەکی تریشەوە لەسەر بنەمای پرینسیپە دیموکراسییەکان و یاسا وەزعییەکان بەشداری ژیانی سیاسی هەرێمی کوردستان دەکات.

ئەم تەوژمە کە بڕوای بەوەیە یەك سەرچاوەی دەسەڵات هەیە ئەویش (خوای کردگارە) و یەك سەرچاوەی یاسادادانیش هەیە ئەویش (قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر "د.خ")ە، بۆیە هەموو جۆرە گەڕانەوەیەك بۆ رای خەڵك و عیباد لە دەسەڵات و یاسادانانیدا کوفرە. بەم پێیە دیموکراسی بە بیدعەی رۆژئاوا و کوفر لەقەڵەم دەدات و پەرلەمان بە مەڵبەندی کوفر دادەنێ، کەچی خۆی بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات و لەگەڵ هێزی عەلمانیدا هاوپەیمانی دەبەستێ بۆئەوەی بگاتە پەرلەمان.

لە هەرێمی کوردستاندا سەرەڕای ئەوەی کە خۆیان وای نیشان دەدەن جیاوازی بنەڕەتییان هەیە، بەڵام لە رووی پۆلبەندی سیاسییەوە دەکرێ بڵێین ئەم سێ شێوازە لە ئیسلامی سیاسی یەك بەرەی بەرهەڵستکار پێکدەهێنن.

## 8- پۆپۆلیزمیی:

**بنەماکانی سەرکەوتن نازانم، بەڵام دەزانم گرنگترین بنەمای شکست رازیکردنی هەموو خەڵکە.." ئارنۆڵد توینبی"**

ئەمە گرنگترین خەسڵەتی بەرهەڵستکارەییە لە کوردستاندا و دەتوانین لە رووی زانستییەوە هەموو خەسڵەتەکانی پێشوو لەم سیفەتەیدا چڕ بکەینەوە. پۆپۆلیزم بێ هیچ شێوازێکی رێکخراوەیی، یان حزب و نێوبەندییەك، ئامانجە سیاسییەکانی لە رێگای جەماوەر و فشاری خەڵکەوە بۆسەر حکومەت جێبەجێ دەکات.

پۆپۆلیزم (میللییەتیی یان میللیگەرایی) وەکوو پۆل تاگەرێت دەڵێ: دژەکردەوەیە بەرامبەر بیروبۆچوون، دامودوزگا و شێوازەکانی سستمە پەرلەمانییەکان. کاتێك کە هەست بە قەیران دەکات، پەنا دەباتە بەر زەقکردنەوە و گەورەکردنی نموونەی خەیاڵیی خۆی. هەروەها لەبەرئەوەی خاوەنی بەهای بنچینەیی گشتیی نییە، دەکەوێتە

ژێرکاریگەرییەوە و تایبەتمەندییەکانی دەروبەری خۆی بە خۆیەوە دەگرێ و بەکردەنی دەبێتە دیاردەیەکی کاتیی تێپەڕ.

پۆپۆلیزم سەر لە هەموو بیرورِا و پۆلە سیاسیەکانەوە دەردەکات، لەوپەڕی راستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ، لە ناو پۆلی عەلمانی و ئایینییدا دروست دەبێ. راستەخۆ لەگەڵ هەست و لایەنە خەفەکراوەکانی نەستی خەڵکدا دەدوێ و دەیانوروژێنێ. سواری شەپۆلی نارِەزایەتییەکانیان دەبێت و بەردەوام بارودۆخەکەیان لەبەرچاو رەشتر دەکات و گوزەرانیان وەکوو دۆزەخ بۆ وێنا دەکاتەوە و (هیچ نەکراوە) دەکاتە مانشێتی گوتارە سیاسییەکەی.

پۆپۆلیزم لە کەناڵێکەوە خۆی لەگەڵ **(نەهلستی – پووچگەرایی)** دا دەبەستێتەوە و لە رەگێکیشدا دەگاتەوە سەر **(ئەنارشیزم– ئاژاوەگێڕیی)**، بۆیە ناتوانێ لە چوارچێوەی حزب یان دامەزراو و رێکخراوی فۆرمەلەبوودا کاربکات. ئەو ناتوانێ مەرامەکانی بەو قەوارە سستماتیکراوانەوە ببەستێتەوە، چونکە ئەوانە پرینسیپیان هەیە، پەیکەریی رێکخستن و مەرجەعییەت و ناوەندی برِیاریان هەیە، بەرنامە و ئامانجی دیاریکراویان هەیە، ناچارن هاوپەیمانێتی دەکەن و پارسەنگی هێزەکان و هاوسەنگییەکان رادەگرن...هتد

ناوچەکەمان، لە رووبەڕووبوونەوەی کارتێکەرییەکانی بەجیهانییبوون و بەرەنگاربوونەوەی ئەوەی ناوی لێنراوە **"بەئەمەریکاییبوون"** دووچاری تەوژمێکی فراوانی پۆپۆلیزم بۆتەوە. بەرچاوترین نموونەکانی، پۆپۆلیزمی ئیسلامگەرایی و نەتەوەچێتی عەرەبی و شێوەیەك لە شێوەکانی چەپڕەوین.

گومان لەوەدا نییە کە لاوازی دامەزراوە سیاسییەکان و کەموکورتییەکان لەبوارەکانی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و رادەی پەیڕەویکردنی دیموکراسی، باشترین دەرفەتن بۆ دەرکەوتنی پۆپۆلیزم و سەرکردە پۆپۆلیستەکان.

هەروەها زۆری رێژەی هەژاران و پەراوێزخراوانی ناو کۆمەڵگا و مەحروومی و نارەزایەتی ئەوان باشترین ناوەندی کۆمەڵایەتییە بۆ گەشەکردن و نەشونمای پۆپۆلیزم، بەواتایەکی دیکە ئەو کۆمەڵگایانەی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی زەق و یەکلاکەرەوی تێدا روودەدات و چینی زۆرینەی هەژاران و پەراوێزخراوان دەکەونە بەرامبەر چینی کەمینەی دەوڵەمەندان و لە نێوانیاندا چینی مامناوەندی لەناو دەچێ یان تا رادەی نەبوو کەم دەکات، باشترین کۆمەڵگان بۆ سەرهەڵدانی سەرکردە پۆپۆلیستەکان.

بەڵام هاوکات رەهەندێکی شەخسیش لە دەرکەوتنی سەرکردەی پۆپۆلیستدا هەیە کە مەیلی کەسێك بۆ سەرکەوتن و بوونە سەرکردە وا دەکات بابەتە پچووکەکان گەورە بکات و هەرەوزەنایەکی زۆریان لەبارەوە دروست بکات و ئەوەندەیان بلێتەوە تا رایەکی نیمچە گشتی لەبارەیانەوە دروست دەکات بەوهیوایەی بتوانێ لە ئایندەدا بیکاتە رای گشتی تەواو. هەڵبەت جگە لە توانا تایبەتەکانی خۆی،
دەرکەوتنی کەسانی لەمجۆرە قابیل بەوەن کە هەرچی زووە خەڵکانی دیکەش کە ئامانجی لەوجۆرانەیان هەیە، یان بەشێوەیەك لەشێوەکان خۆیان بە مەغدوور یان زیانلێکەوتووی دەستی حکومەت دەزانن، یان خەڵکانی پراگماتی و مشەخۆرن، لەدەوری کۆببنەوە و تەرویجی بۆ بکەن.

پۆپۆلیزم ئیش لەسەر گرژی نانەوە دەکات، لەلایەکەوە لەنێوانی نوخبەی سیاسی خۆیدا، پاشان لە بازنەیەکی فراوانتردا، لەنێوانی خەڵك و دامەزراوە سیاسییەکاندا.

سەرکردەی پۆپۆلیست وەکوو گوتمان ناتوانێ سەر بەحزبی سیاسی بێت، بۆیە ئەوانەشیان کە لە ریزی حزبێکی سیاسیدان، لەقۆناغێکدا وازدەهێنن و لەدەرەوەی حزب، راستەوخۆ لەگەڵ جەماوەردا دەست دەکەن بەکار.

ئەم ئاڵوگۆڕە هۆیەکەی ئەوەیە کە پۆپۆلیست دەزانێ لە ڕێی دامەزراوە سیاسیەکانەوە ناتوانێ بگاتە دەسەڵات بۆیە لەدەرەوەی حزب و دامەزراوی سیاسییەوە و لەڕێی جۆشدانی خەڵك و گەورەکردن و ورووژاندنی نارەزایەتییەکانیان و بەدەنگی ئەوان خۆی دەگەیەنێتە دەسەڵات، لەوێ بەدواوە، پۆپۆلیست رەخساوترین کەسە بۆئەوەی ببێتە حوکمڕانێکی دیکتاتۆری تاکڕەو و بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتەکەی پێویستی بە تێکشکاندنی رکابەرەکانێتی کە پێگەیان لە حزب و دامەزراوە سیاسییەکاندایە، بە پەرلەمانیشەوە.

هەیانە لە قۆناغی جۆشدانی خەڵکدا هانی مەیلەکانی دژی حزبایەتی دەدەن و کار بۆ شێواندن و ناشرینکردنی حزب و رێکخراوبوون دەکەن. مەبەستیان لەم کارە پێشوەختە ئەوەیە، لەلایەکەوە بنکەی جەماوەری حزبەکان بێ هێز بکەن و لایەنگرانیان بۆ لای خۆیان راکێشن، لەلایەکی ترەوە پیگەی ئەو حزبانە لە ژیانی سیاسی و دامەزراوەکاندا لاواز بکەن بۆئەوەی دواتر بەلاوەنانیان ئاسان بێت.

هەرچەندە پۆپۆلیست هیچ بەها و نرخێك بۆ دامەزراوە سیاسییەکان دانانێت و پووچگەرایانە وێنایان دەکاتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی لەم سەردەمەماندا وەرگرتنی دەسەڵات بەهۆی توندوتیژی و کودەتا و کاری لەوجۆرانەوە بۆتە مەحاڵ، بۆیە سەرکردە پۆپۆلیستەکان

هەوڵدەدەن بەهۆی میكانیزمەكانی سستمی دیموكراسیەوە بگەنە دەسەڵات. لەناو ئەو میكانیزمانەدا زۆرتر جەخت لەسەر هەڵبژاردن دەكەن، چونكە پێیان وایە جۆشدانی خەڵك و ورووژاندنی هەستیان باشترین ڕێگەیە بۆ كۆكردنەوەی زۆرترینی دەنگەكانیان كە لە هەڵبژاردندا سەنگی مەحەكە و شەرعییەتیش دەدات بە دەسەڵات وەرگرتنیان.

نموونەكانی هیتلەر و مۆسۆلۆنی و هۆگۆ شافیز و چەندینی دیكە زیندووترین نموونەكانی پۆپۆلیستن كە بە ڕێگای هەڵبژاردن گەیشتوونەتە دەسەڵات و پشتگیریی زۆری خەڵكیان هەبووە، بەڵام دواتر ئەم پشتگیرییەیان ئیستیغلال كردووە بۆ پتەوكردنی دیكتاتۆرییەتی خۆیان.

لەناو ئەو بەرهەڵستكارییەی لە كوردستاندا دروست بووە، هەموویان حەزیان كردووە وەكوو پۆپۆلیستێك ڕەفتار بكەن و پشتگیریی خەڵك مسۆگەر بكەن، لە پێناوی ئەمەشدا گوتاری سیاسی خۆیان نزمكردۆتەوە بۆ ئاستە هەرە سادە و ورووژێنەرەكان، بەڵام تا ئێستا دەرنەكەوتووە كامیان لە تاقیكردنەوەی مەیدانیدا سەركەوتوو دەبن. ئەوانەیان لەم دەورانەدا وەك سەركەوتوو دیارن، هێشتا ڕۆژگار تاقی نەكردوونەتەوە كە ئایا وەكوو پۆپۆلیست تا چەند برِ دەكەن؟

پرسیاری لەوە چارەنووسسازتر ئەوەیە کە ئایا لەرووی سیاسی و ئابوورییەوە، خەڵکی کوردستان تا ئەو رادەیە بەسەر خۆیدا دابەشبووە کە بەو هۆیەوە پۆپۆلیست بتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ گەمەی سیاسی خۆی بکات؟

پۆپۆلیستەکان لەسەر ڕێژەی بەرزی چینە هەژار و پەراوێزخراوەکان دەژین و بە وروژاندنی نارەزایەتی و مەحروومییەتی ئەوان ئەستێرەیان دەدرەوشێتەوە، جا ئایا ڕێژەی هەژاران و پەراوێزخراوان ئەوەندە بەرزە کە بۆ سەرکردەیەکی پۆپۆلیست ببێتە ئەو پێپلیکانەیەی بەهۆیەوە تا سەری لوتکەی دەسەڵات سەربکەوێ؟

ڕاپۆرتی وەزارەتی پلاندانانی عێراق بە هاوکاری بانکی نێودەوڵەتیی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە ڕێژەی هەژاریی لە هەرێمی کوردستاندا 3٪ە. هەرچەندە ڕێژەی دەوڵەمەندی ملیاردێر یان ملیۆنێر نازانین، بەڵام ئەو ڕێژە زۆر کەمەی هەژاریی بۆمانی دەسەلمێنێ کە چینی مامناوەندی زۆرە، چینی مامناوەندیش زەوینەی کۆمەڵایەتی گەشەکردن و هەڵچوونی پۆپۆلیست نییە، چونکە چینێکە لە خەمی دەستکەوتەکان و گوزەرانیدایە و حەزی لە سەرکەشی و موجازەفە و توندڕۆیی و ئاژاوە نییە و پابەندە بە یاسا و ڕێساکانەوە. بەکورتی چینی مامناوەندی کۆڵەگەی ئارامی و ئیستیقراری سیاسی و تەبایی کۆمەڵایەتییە.

# النقد .. مساحة للحرية

## نظرة نقدية الى النقد والمعارضة

## في إقليم كوردستان

آزا حسيب قرداغي

اربيل – 2009

# Critics..

## A Field for Freedom

Critical Perspectives of Critics & Opposition in Kurdistan Region

Aza Hasib Qeredaghi

Erbil -2009